MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

**ناوی کتێب: هاوپەیمانێتییە فەرامۆشکراوەکە:**

- نووسینی: سپێنسەر پ. بویەر و براین کاتۆلیس
- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ کەریم
- بابەت: سیاسی
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (505)
- تیراژ: (750) دانە
- چاپی یەکەم 2009
- نرخ: (1500) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (44)

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**www.mukiryani.com**

**asokareem@ maktoob.com**

**Tel: 2260311**

**سپێنسەر پ. بویەر و براین کاتۆلیس**

# هاوپەیمانێتییە فەرامۆشکراوەکە

**"نوێکردنەوەی پێوەندییەکانی ئەمریکا- تورکیا**
**بۆ بەدەمەوەهاتنی تەحەددییاتەکانی سەدەی بیست و یەکەم"**

**وەرگێڕانی: ئاسۆ کەریم**

هەولێر - 2009

## لە وەرگێڕەوە

لە 8ی کانوونی یەکەمی 2008دا، Center for American Progress، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر پێوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا و ئاسۆی ئەو پێوەندییانەو رەنگدانەوەیان لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بڵاوکردەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناوی: (هاوپەیمانێتییە فەرامۆشکراوکراوەکە: نوێکردنەوەی پێوەندییەکانی ئەمریکا- تورکیا بۆ بەدەمەوەهاتنی تەحەدییاتەکانی سەدەی بیست و یەکەمە.

The Neglected Alliance-

Restoring U.S.–Turkish Relations to Meet 21st Century Challenges.

ئەو راپۆرتە بەرهەمی رەنج و ماندوبوونی دوو نووسەرە، سپێنسەر پ. بویەر و براین کاتۆلیس-ە کە لە شوباتی 2008دا دەستیان داوەتی و لە کانوونی یەکەمی 2008 دا تەواویان کردووە. لە راپۆرتەکەدا هەردوو نووسەر بە کۆمەڵێ دەرەنجام گەیشتوون و چەندین راسپاردەیان بۆ ئیدارەی باراك ئۆباما خستۆتەڕوو. بەشێکی راپۆرتەکە، تیشکی خستۆتە سەر عێراق و کوردو کێشەی پەکەکەو پەرەپێدانی پێوەندیی بازرگانی و ئابووریی لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیەدا.

راستە ئەم راپۆرتە، بە زنجیرە لە رۆژنامەی خەبات بڵاو کرایەوە، بەڵام وام بەباش زانی وەکو نامیلکەیەکی سەربەخۆ چاپی بکەم و بڵاوی بکەمەوە.



**((سەنتەری پێشکەوتنی ئەمریکی، پەیمانگەیەکی نا حزبی و پەروەردەییە، خۆی بۆ ئەمریکایەکی بەهێز، دادپەروەرو ئازاد کە هەل و دەرفەت بۆ هەمووان دابین بکات، تەرخانکردووە. ئێمە بڕوامان وایە کە ئەمریکاییەکان بەپابەندبوونێکی هاوبەش بەو بەهایانەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و ئێمە چاومان لەوەیە کە سیاسەتگەلی نیشتمانیی ئێمە رەنگدانەوەی ئەو بەهایانە بن. ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین کە چارەسەری پێشکەوتوو پراگماتی بۆ کێشەو ئاریشە گرنگە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ببینینەوە و سیاسەتی پێشنیارەیل بۆ حکوومەتێك پێشبخەین کە هی "خەڵکە، بەهۆی خەڵکە و لەپێناو خەڵکە"))**.

# ناوەڕۆک


ناوەڕۆک ........................................................................ 5
پێشەکی .......................................................................... 7
مێژووی هاوپەیمانێتیی ئەمریکی- تورکی: ............................................ 10
دوای شەڕی سارد .................................................................. 12
شەڕی 2003ی عێراق................................................................. 14
ململانێیە نێوخۆییەکانی تورکیا.................................................... 16
دیرۆکێکی دابەش- دابەش............................................................ 17
ئاق پارتی لە بەرانبەر دەسەڵاتی دادوەری ........................................... 19
نیگەرانیی ئابووری، سیاسەتی تورکیا و بڕیارەکانی ڕەنگڕێژ دەکەن .................... 21
پارتە سیاییە سەرەکییەکان لە تورکیا ............................................. 22
پارتی دادو گەشەپێدان AKP........................................................ 22
پارتی گەلی کۆماریخواز CHP........................................................ 22
پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی MHP .................................................. 23
پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات DTP .................................................... 24
پارتی چەپی دیموکرات DSP.......................................................... 24
پارتی ڕێگای راست DYP.............................................................. 25
پارتی نیشتمانی دایک ANAP ....................................................... 25
تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین ......................................................... 27
تورکیا، عێراق و تەحەددیی کوردی................................................... 29
تورکیا و ئیسرایل ................................................................ 33
تورکیا و ئێران .................................................................. 35
تورکیا و ئاشتیپارێزیی ڕۆژهەڵاتی ناوین ........................................... 38
پشتەوانیکردن لە ڕۆڵی دەرکەوتووی رابەرانەی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ............ 39
تورکیا، وزە و ناوچەی قەوقاز ..................................................... 42
تورکیا و ئەرمەنستان ............................................................. 48





تورکیاو ئەوروپا................................................................... 53
خەبات بۆ بەئەندامبوون لە یەکێتیی ئەوروپی ....................................... 54
روانگەی تورکیا .................................................................. 58
لوغزی راستییەکانی تەڤلیبوونی تورکیا.............................................. 62
پشتەوانیکردن لە تێکەڵی و تەکامولی تورکیا و ڕۆژئاوا .............................. 65
دەرەنجام.......................................................................... 73
پەراوێزەکان:...................................................................... 76
لەبارەی هەردوو نووسەری ئەم بابەتە................................................. 94

## پێشەکی

هەر لە دەسپێکی شەڕی سارد را، پێوەندیی ستراتیجیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆماری تورکیا، کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی بووە. تورکیا لە ڕێگەی ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتلەنتی (ناتۆ)ەوە، هاوپەیمانێکی کارای سەربازیی ئەمریکا و "هەب"ێکی بنەڕەتیی مەودایەکی بەرفرەتری پێوەندییەکان بووە لەگەڵ وڵاتان لە چەندین ناوچەی گرینگ و زیندووی جیهاندا.

بۆ ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئاسیای ناوەراست و دەریای سپی ناوەڕاست، پێگەی ناوەندیی تورکیا، تورکیای کردووە بە ئەکتەرێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە لە هەر یەك لەم ناوچانەدا. چ بەکارکردن لەگەڵ هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی ئێمەی ناو ناتۆ لە ئەفغانستان و بالکان و میوانداریکردنی وتووێژەکانی ئاشتی لەنێوان سوریاو ئیسرایل، یان بە کارکردن وەکو خالێکی ترانزێتی نەوت و گازی سروشتی لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ئەوروپا و دەریای سپی ناوەڕاست، تورکیا بووە بە هێزێکی تەوەرئاسا کە ئایندەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات. بەتایبەتی، هەنووکە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هێزێکی 1500 کەسی زێتری لە تورکیا هەیە، کە نزیکەی هەر هەموویان لە بنکەی ئاسمانیی ستراتیجیی ئەنجەرلیك لە باشووری ناوەڕاستی تورکیا داوەریون[1].

لەکاتێکدا رایەڵکەی پێوەندیی سەربازیی ئەمریکی- تورکی و هاریکاری نێوانیان لە ناتۆ، لایەنی سەرەکیی پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە پێکدێنێ، بەڵام تاکە لایەنی ئەو پێوەندییانەش نین. پێوەندیی لەنزیکەوەی ئەمریکا بە تورکیا سەبارەت بە پرسگەلێکی فرە ڕەهەندی- ئابووری، سیاسی و دیپلۆماتی- گرنگە بۆ ستراتیجیای ئەمریکا لەمەڕ ئەودیوی ئەتلەنتی و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست.



ئەم پێوەندییە گرنگە، هەرچۆنەکی بێ، لەم چەند ساڵانەی دواییدا شەکەتییان پێوە دیار بووەو پێویستیان بە چاککردنەوەو هێنانەوە سەربار هەیە. بڕیاری بەرپاکردنی شەڕی ساڵی 2003 لە عێراقێ، کە نا سەقامگیری لەسەر سنووری عێراق و تورکیا لێکەوتەوە، بەتایبەت زیانی بەپێگەی ئەمریکا لە تورکیا گەیاندووە. ئەو پێوەندییە خەریکە دێتەوە سەرباری خۆی، پاش ئەو هاریکاریی روو لە زیادەی نێوان ئەمریکا و تورکیا، مینا زانیاریی ئیستخباراتی بەیەکتر دان سەبارەت بە هەڕەشەی پارتی کرێکارانی کوردستان یان پەکەکە. لێ هێشتا ڕێگەیەکی دوورودرێژ لەبەر هەردوو لا دایە.

بەگوێرەی ڕاپرسییەك کە لەم دواییەدا کراوە لە دە کەسان تەنیا یەك کەس لە تورکیا، یان 12٪، بیروڕایەکی پۆزەتیڤیان سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبووە، کە زۆر کەمتر پۆزەتیڤە لە وڵاتانی تری سەرەکی وەکو ڕووسیا (46٪ی ڕووسەکان ڕایەکی باشیان لەبارەی ئەمریکاوە هەیە)، چین (41٪)، پاکستان (19٪). لەتەك ئەوەشدا، 7 لە 10 کەس لە تورکیا، واتە (70٪)، ئەمریکا زیاتر بە دوژمن دەزانن نەك دۆست[2]. ڕاپرسیی تر نیشانی دەدەن کە تەنیا 8٪ی ئەوانە لە تورکیا، سەرکردایەتیی ئەمریکی لە کاروباری جیهانیدا بە "ویستراو" دەزانن[3]. ئەم ئەنجامە لەچاو 1999 و 2000 بەشێوەیەکی بەرچاو داکشاوە، کە ئەودەم زێتر لە 60٪ی تورکان بیروڕای باشیان لەبارەی ئەمریکا هەبووە[4].

هەڵبەت، ئاسایشی نەتەوەیی کێبەرکێیەکی گەلێری جیهانی نییە. بەڵام چۆن خەڵك لە سەرانسەری جیهاندا سەیری کاروبارەکانی ئەمریکا دەکەن ئەوە بەزۆری لە سۆنگەی ئەنجامەکانی سیاسەتی ڕۆژەوەیە نەك ڕای گشتی لە دەیەکانی ڕابردوودا. ئێستا وڵاتانێکی لەبابەتی تورکیا زۆر دیموکرات تر بوونە، خەڵك چۆن بیر دەکەنەوە، چۆن سەیری پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی تردا دەکەن، زۆر زیاتر لە جاران کاریگەرییان بەسەر سەرکردەکانی خۆیانەوە هەیە[5].

بەرەوپێشڤەنەچوونی هەوڵوکۆششەکان بۆ بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپی، بەشداریی لە دوورکەوتنەوەی تورکیا لە رۆژئاوا کردووەو وایکردووە واقیعێك دروست ببێ کە تورکیا رێگەیەکی سەربەخۆ بگرێتەبەر و کەمتر بەلای بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوادا لا بکاتەوە. تورکیا بە رێچکەی پەرەسەندنی سیاسیی خۆی دادەڕوا، لەکاتێکدا هەوڵدەدا ترادیسیۆنە عەلمانییە لەمێژینەکانی خۆی لەگەڵ نفووزو دەسەڵاتی دەستەبژێکی ئایینیی کۆنەپارێزی نوێ ئاشت بکاتەوە. لەوەش زێتر، تورکیا خۆی لەگەڵ نەشونمای چینێکی خاوەنکاری کۆنەپارێزی ئایینی و کۆمەڵایەتیی سەروسەمت سەرمایەداری دەسازێنێ کە نوێنەرایەتی هێزێکی نوێی سیاسی ناوەنجی لە وڵاتەکەدا دەکات.

زۆر کەس لە تورکان بەگومانەوە، سەیری ئەجێندای پارتی دادو گەشەپێدان، ئاق پارتی کە حزبێکی سیاسیی ئیسلامیی میانڕۆیە، دەکەن. دوا بڕیاری دادگەی دەستووری بەسزادانی ئاق پارتی لەبەر پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی عەلمانییەت، کە یەك دەنگی مابوو بۆ قەپاتکردنی ئەو حزبە، نیشانی دەدا کە ناکۆکی و ناتەبایی (لەناو کۆمەڵگەی تورکیادا ) چەندە قوڵ و کیورە.

پێوەندیی ئەمریکی- تورکی لە تەنگوچەلەمەیەکی پڕ گرنگدایە و ئیدارەی نوێی ئەمریکی دەرفەتێکی مێژوویی لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییە پڕگرنگە لەسەر بناخەیەکی پتەوتر و مکومتر دابڕێژێتەوە. بەبێ سەرکردایەتییەکی راست و دروست لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، ئەو پێوەندییە فەرامۆشکراوە بەلا دادێ و ساتمە دەکات.

ئیدارەی ئۆباما دەرفەت و بوارێکی سەرەکی لە 2009 لەپێشە کە چاو بە شەراکەتی ستراتیجیی ئەمریکی- تورکی دا بخشێنێتەوەو (ئاپدێت)ی بکاتەوە تا رەنگدانەوەی تەحەددیاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوروپاو ئەودیو بێت. لەو لاپەڕانەی خوارەوە، ئێمە لەو هەل و دەرفەتە سەرەکییانەمان کۆڵیوەتەوە کە چاوەڕوانی ئیدارەکەی ئۆباما دەکەن، کە پێوەندییەکی لەنزیکەوەتری لەگەڵ تورکیادا هەبێ، پەرەسەندن و بەخۆداهاتنێکی پڕگرنگی ئابووری، تەناهی و دیپلۆماتی بۆ هەردوو وڵات بەدواوە دەبێت.



**مێژووی هاوپەیمانێتیی ئەمریکی- تورکی:**

تەمەنی پێوەندیی ئەمریکی- تورکی نزیکەی دوو سەدەیەك دەبێ — لەبنەڕەتدا ئەو پێوەندییە تەرکیزی خستبووە سەر مەودایەکی جۆراوجۆری کاروباری بازرگانی - لێ هاوپەیمانێتیی ستراتیجیی لەنێوان هەر دوو وڵاتدا لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهان و دەسپێکی شەڕی سارد دا هاتەئاراوە[1]. بەر لە 1945، سیاسەتسازانی ئەمریکا، رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستیان زێتر بە ناوچەیەکی بەرژەوەندیی ستراتیجیی بەریتانی دادەنا تا ئەمریکی[2]. لێ دوای جاڕدانی دۆکترینی ترۆمان لە 1947دا، کە تیایدا دەڵێ دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەرووی ئابووری و سەربازییەوە پشتەوانی لە تورکیا و یۆنان بکات و لێ نەگەڕێ بکەونە ژێر کۆنترۆڵی یەکێتیی سۆڤیەتەوە، ئەمریکا دەستی لە بەرژەوەندییەکی نوێ لە تورکیا گیربوو.

لێ گرژی و ناخۆشیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتیی سۆڤیەت لەسەردەمی شەڕی سارددا، بەئەندامبوونی تورکیای لە رێکخراوی پەیماننامەی باکووری ئەتلەنتی (ناتۆ Nato)، لە ساڵی 1952دا لێکەوتەوە[3]. ئیدی لەوە بەدواوە لە سەردەمی شەڕی ساردا، هاریکاریی لەنزیکەوەو یەکودووی نێوان ئەمریکا و تورکیا سەبارەت بە چەندین پرس و مەسەلەی ستراتیجی بەردەوامبوو.

بەئەندام وەرگیرانی تورکیا لە ناتۆ،- یەکەمین پەلوپۆهاویشتنی پڕ گرنگی ئەو هاوپەیمانێتییە بوو- وەکو "لەمپەر"ێك لەبەرانبەر فراوانخوازیی سۆڤیەت بۆ ناوچەی کەنداوی فارس قوت بووەوە[4]. ئەودەمە رۆڵی تورکیا تا رادەیەکی گەورە بۆ ئەوە بوو کە فشار و پاڵەپەستۆ بخرێتەسەر بەشی خوارووی بلۆکی رۆژهەڵات لە باری شەڕ بەرپابوون لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا[5]. هەروا هەڕو گیڤی سۆڤیەت وایکرد ئەمریکا لە ساڵی 1957دا، چەکی نەوەوی لە تورکیا دابمەزرێنێ[6].

لەمیانەی شەڕی کۆریادا، پێوەندیی ئەمریکی- تورکی زێتر جێی خۆی گرت و نەشونمای کردو 1500 سەربازی تورکی لەتەك هێزە سەربازییەکانی ئەمریکادا جەنگان[7]. هەر لە سەردەمی شەڕی ساردا، تورکیا بووە ئەندامێکی چالاکڤانی

ناتۆ و دووەمین هێزی هەرە گەورەی ئەو هاوپەیمانێتییەو دەورێکی سەرەکیشی لە سیستەمی دیفاعیی تەواوی ئەوروپادا بینی[8].

لێ لەمیانەی تەنگژەی ڕۆکێتەکانی کوبادا، بۆ یەکەمجار پێوەندیی تورکی- ئەمریکی ساردو سڕییەکی تێکەوت. بڕیاری ساڵی 1962ی جۆن ف. کینێدی بە کردنەوەو هەڵگرتنی ئەو ڕۆکێتە نەوەییانەی کە ئەمریکا لە تورکیای دانابوون - وەکو بەشێك لە ساتوسەودای کەمکردنەوەی گرژی و تێکهەڵچوونی نەوەوی لەگەڵ ڕووسیا- ئەنقەرەی سەغڵەت کردو هەستی کرد ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم بڕیارەدا، بەدروستی ڕاوێژی پێ نەکردووە[9]. پاشان لە ساڵی 1964، هەڕەشەی سەرۆك لیندۆن ب. جۆنسۆن بە پشتەوانی نەکردن لە تورکیا، ئەگەربێتو تورکیا لەسەر قوبرس بچێتە ناو شەڕێکەوە لەگەڵ سۆڤیەت، هەندەی تر پێوەندیی ئەمریکی - تورکی سارد کرد. بەڵام ڕەنگە سەختترین[10] کات و ساتی پێوەندیی تورکی - ئەمریکی، ساڵی 1974 بێ، کاتێك کە تورکیا پەلاماری قوبرس-ی دا و ئیدی ئەمریکا بۆ ماوەی چوار ساڵان ئابلۆقەی چەکفرۆتنی خستە سەر تورکیا و کۆنگرێسیش شەرمەزاری کرد[11].

بەهەرحاڵ، ئەم زنجیرە پێشهاتە و، ناڕەحەتبوونی ئەمریکا لە تورکیا لەبەر بەرهەمهێنانی ماددەی بێهۆشکەر لە شەستەکان و حەفتاکاندا، نەبوونە مایەی ئەوە کە بەشێوەیەکی کوشندە پێوەندیی ئەمریکی- تورکی تێکبچێ. دەستدرێژیی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستان لە ساڵی 1979 دا ئەمریکای لەوە بەئاگاهێنایەوە کە بۆ سەقامگیرکردن و ڕاگرتنی ئاسایش و تەناهیی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا[12]، بەرژەوەندیی هاوبەشی زیندووی لەگەڵ تورکیادا هەیە. سەرباری ئەوەش، لە ساڵی 1979دا، شۆڕشی ئێرانی، ئێرانی وەکو هاوپەیمانێکی ستراتیجیی سەرەکی لە ناوچەکە لە دەست ئەمریکا دەرهێنا، ئیدی ئەو هاوبەشییە ستراتیجییە ئەمریکی- تورکییەی هەبوو، توندوتۆڵتربوو[13].



## دوای شەڕی سارد

بەکۆتاهاتنی شەڕی ساردو داڕمانی یەکێتیی سۆڤیەت، دەرگای بۆ گۆڕانکاری لەڕووی پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا کردەوە- چیدیکە ئەمریکا سەیری تورکیای وەکو دەوڵەتێکی لەمپەر نەکرد لە هەمبەر ئەگەری دەستدرێژیی سۆڤیەتدا[14]. واشنتۆن بەردەوام بوو لەسەر ئەوەی کە سەیری تورکیا وەکو هێزێکی تەناهیپارێزی گرنگ لە ناوچەکەدا بکاو، بەیەکەوەو لەنزیکەوە بۆ پێکهاتن و لەسەر پێ ڕاوەستانی دەوڵەتە تازە سەربەخۆیەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، کار بکەن[15].

پشتگیریی تورکیا بۆ ئەمریکا لە باری ئۆپەراسیۆنی و ستراتیجییەوە لەمیانەی شەڕی یەکەمی کەنداودا، لەمیانەی وەڵامدانەوەی هێرش و پەلامارەکەی ساڵی 1990ی عێراق بۆ سەر کوێت، هاوبەشێتیی ئەمریکی- تورکی پتەوترکرد کە بەیەکەوە مشور لە نیگەرانیی هاوبەشی ئەمنیی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بخۆن. تورکیا کە 20-60 بلیۆن دۆلاری وەکو ئەنجامێکی سزاکانی یوئێن لەسەر عێراق[16] زیان وێکەوت، ڕێگەی بە فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکاش دا کە بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، بنکەی ئەنجەرلیك بەکاربهێنن. بەگشتی، شەڕی 2003، لەچاو شەڕی کەنداوی 1991 لەناو خەڵکی تورکیادا زۆر ناحەزتربوو، بەڵام لەسایەی سەرکردایەتیی سیاسیی سەرکۆماری پێشوو، تۆرگۆت ئۆزال دا، ئەمریکا توانی پشتەوانی پێویستی تورکیا بۆ خۆی بەدەست بهێنێ[17]. نەمازە سەرۆك ئۆزال 100000 سەربازی لەسەر سنووری تورکیا لەگەڵ عێراقدا مۆڵ داو بڵاوە پێکرد. هەروا تورکیا بۆڕیە نەوتی کەرکوك- جەیهانی داخست کە نەوتی لە چاڵە نەوتەکانی باکووری عێراقەوە بۆ بازاری جیهان دەگواستەوە، ئەو کارە یارمەتی پەراوێزخستن و وەتاق خستنەوەی ڕژێمی سەدام حسێنی دەدا، هەرچەندە ئەم بڕیارە لە ڕووی ئابوورییەوە زیانی لە تورکیا دەدا[18]. سەرباری ئەوەش، کاتێکی کە نیو ملیۆن پەنابەری کورد، پاش ئەوەی ئەمریکا هانی دابوون ڕاپەڕینی 1991 دژی ڕژێمی سەدام حسێن بکەن، بەرەو

ناوچەکانی سەر سنووری تورکیا تێیان تەقاند، تورکیا ڕێگەی بە هێزەکانی ئەمریکا دا کە بنکە هەواییەکانی تورکیا بەکاربهێنن بۆ داسەپاندنی ناوچەی دژە- فڕین لە باکووری عێراقدا [19].

دوابەدوای شەڕی کەنداو، کۆمەك و هاریکاریی نێوان ئەمریکا- تورکیا لە چەندین قۆڵەوە زیادی کرد. شانبەشانی پێکەوە کارکردن بۆ پاراستنی کوردەکانی عێراق، هەردوو وڵات هەوڵ و کۆششی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە PKK یەکخست، کە لەپێناو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا شەڕ دەکات. هەم تورکیا و هەم ئەمریکا، PKK-ەیان پێ ڕێکخراوێکی تیرۆریستە. نەخوازە، ئەمریکا زانیاریی ئیستخباراتی لەسەر کارو چالاکییەکانی پەکەکە بە تورکیا دەدا کە لە ساڵی 1999دا گرتنی سەرکردەی PKK، عەبدوڵڵا ئۆجەلان-ی لە کینیا لێکەوتەوە[20]. لەبەرانبەردا، لە نۆهەتەکان هێزەکانی تورکیا لەتەك سوپای ئەمریکا بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنەکانی ناتۆدا کرد لە بالکان.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەدوای بومەلەرزەکەی 1999ی (ئیزمیت)، کە باروبووی قوربانییەکانی ئەو کارەساتەی کردو یارمەتیی فریاکەوتنی تایبەتی و گشتیی پێ گەیاندن، جێی خۆی پتر کردەوە[21]. هەروا ئەمریکا ئەم ماوەیەی لە ئاخیرۆئۆخری 1999 و سەرەتای 2000دا سەرکەوتووانە بۆ پشتگیریی نیشاندان بەکارهێنا تا تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپی (EU) وەربگیرێ و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF)یش هاریکاری و باروبوی بکات[22]. سەرباری ئەوەش، ئەمریکا نفووزی دیپلۆماتی خۆی بۆ تەختکردنی ئەو کەندوکۆسپانە بەکارهێنا کە لە ڕێگەی دانانی بۆڕی هێڵی باکۆ- تیبلیس- جەیهاندا هەبوون لە کۆتایی دەیەکەدا.

سەرباری ئەو بوارانەی هاریکاری و کۆمەك بەیەکدی کردن، گرژی و دڕدۆنگی لەنێوان ئەمریکا- تورکیا لەسەردەمی بەڕێوەبەرایەتیی کیلنتۆندا پەیدابوو. هەردوو لایان لەسەر بنەماکانی مایەی خۆتێکردن لە کاروکردەی سەربازی بۆ پاراستنی کوردەکانی عێراق ڕێکنەبوون، هەروا لەسەر پرسەکانی مافی مرۆڤ، لەسەر ئاقارو



پانتایی ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە PKK-ەش لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و باکووری عێراقدا[23]. سەرباری ئەوانە، لە نۆهەتەکان بۆ بەکارهێنانی فەزای هەوایی تورکی و ئاسانکاریی سەربازیی تر، کۆتوبەندی زێتر خرایە سەر ئەمریکا.

تورکیا بەو هیوایە بوو، کە هەوڵ وکۆششەکانی لەمیانەی شەڕی کەنداودا، دەبنە مایەی بەهێزبوونی شەریکایەتی لەگەڵ ئەمریکا و هەڵکەوتنی دەرفەت و شیان و توانای باشتر بۆ چوونە ناوEU [24]. مخابن، نە شەریکایەتییەکی نزیك و توندوتۆڵ لەگەڵ ئەمریکا هاتە ئارا، نە تورکیاش بەو ئاقارەدا ڕۆیی کە ببێ بە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپیدا. لەدەستدانی عێراق وەکو شەریکە بازرگانێکی سەرەکی بە بلیۆنان دۆلار، زیانی لە تورکیا دا، دەوڵەتێکی کوردی دیفاکتۆی دروستکرد کە "گرفت و ئاریشەی کوردی"ی لەناو تورکیا تەشەنە پێ کرد بەهۆی وروژاندن و پەمپدانی ناسیۆنالیزمی کوردیی لەناو سنوورەکانی تورکیادا[25].

## شەڕی 2003ی عێراق

وەرچەرخانێکی سەرەکی لە پێوەندیی ئەمریکی- تورکی لەمیانەی پەلاماری 2003ی ئەمریکا بۆ سەر عێراق ڕوویدا. پەرلەمانی تورکیا بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕێگەی بە هێزەکانی ئەمریکا نەدا بەناو خاکی تورکیادا ڕەت بن و بچنە باکووری عێراقەوە[26]. لە گۆشەنیگای زۆرێك لە تورکەکانەوە، سەدام حسێن کە ئەمریکا پێیوابوو خەتەرێکە بۆ سەر تەناهی نێودەوڵەتی و چیدی مایەی قبوڵکردن نییە، هیچ هەڕەشەیەکی واقیعی لەسەر ئەنقەرە نییە. لەوەش پتر، تورکەکان تا ڕادەیەکی زۆر، سەرنجێکی نێگەتیڤیان لەسەر کاروکردەی ئەمریکا لە عێراق دوای شەڕی یەکەمی کەنداو هەبوو، کە تورکیای بەو هەموو زیانە ئابوورییە و گرژییە زێترە لەگەڵ PKK لە باکووری عێراقدا، بەجێهێشت[27].

دیسان زۆرێك لە تورکەکان بڕوایان بەوە بوو، کە عێراقێکی بەبێ دیکتاتۆر، زۆر زۆر سەختە وەکو وڵاتێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ[28]. هەندێ لە تورکەکان پێیانوابوو کۆمەك نەکردن بە ئەمریکا لە بواری سوپایی و لەشکرییەوە،

بەکردەوەو بەپلەی یەکەم لەوانەیە رێگە لە ئەمریکا بگرێ پەلاماری عێراق بدات و داگیری بکات. سیاسەتوانانی تورك، لە ترسی دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ یان فیدراڵ، پێیان لەسەر سەر پاراستنی یەکێتیی خاك و سەروەریی عێراق دادەگرت[29].

لەبری ئەوەی کە ئەمریکا سەرنجی هۆشیاردەرانەی تورکیا سەبارەت بە غەزووی عێراق بەهەند وەربگرێ، ئیدارەی بۆش بە ئاراستەی شەڕ ملی نا. پاشان لەبەرانبەر رەتکردنەوەی هاوکاری لەلایەن تورکیاوە، ئەمریکا یارمەتی و کۆمەکی زێتری لە تورکیا کێشایەوە[30]. بەگشتی، ئەو کاروکردانەی تورکیا هەستێکی ناحەزو دڕدۆنگیان لەناو سیاسەتسازانی ئەمریکادا دروستکرد کە بە بڕیارەکەی پەرلەمانی تورکیا تووشی شۆك ببوون، لەسۆنگەی ئەو کاروکردانەشەوە، وەکو هاوپەیمانێکی نا دڵسۆز سەیری تورکیایان دەکرد. ئەمریکا تەنانەت هەر لەو ساڵدا (واتە 2003) بە پێشنیارێکی تورکی، سەبارەت بە بڵاوەپێکردنی هێزەکانی تورکیا لەناو عێراق بۆ یارمەتیدانی بنیاتنانەوە، داچۆوە [31].

گرژی و توندی لەنێوان تورکیا و ئەمریکا لەسەر عێراق لە تەمووزی 2003 دا زۆرتر بوو، کاتێ راپۆرتەکان گوتیان 11 ئەفسەرو پلەداری هێزە تایبەتەکانی تورکیا بەو بیانووەی کە گوایا هەوڵیانداوە کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد بکوژن، راگیراون و گلدراونەتەوە[32]. هێزەکانی ئەمریکا بەبڕوای خۆیان بەپێی بەڵگەیەکی متمانەپێکراو رەوتاریان کردووە و پەلاماریان داون، گوایا ئەو تیرۆریستانەی ویستویانە پارێزگارە کوردەکەی کەرکوك بکوژن (بۆ لاوازکردنی کوردان لە باکوور) هامشۆی ئۆفیسێکی "پێوەندیی" تورکی-یان لە سلێمانی لە باکووری عێراق کردووەو هەر لەو ئۆفیسەش ئۆپەراسیۆنەکە پلانی بۆ کێشراوە[33].

راپۆرتگەلی رۆژنامەوانیی جیهانی و تورکی سەبارەت ئەو پەلامارەی ئەمریکییەکان، کە تورەگەیان خستبووە سەر بەناو ئەنجامدەرانی ئەو هەوڵە و کەلەپچەیان کردبوون، سوپای ئەمریکی خستە بەر رەخنە[34]. حکوومەتی تورکیا ئەوەی بە دەستدرێژی بۆ سەر خۆی زانی و داوای لە ئەمریکا کرد دەستە و



کۆمەڵە تایبەتە زیندانیکراوەکانی بەرەڵڵا بکا. کاربەدەستانی باڵای ئیدارەی ئەمریکی، لەوانە جێگری سەرکۆمار ریچارد چینی و وەزیری بەرگری دۆناڵد رامسفیلد، بۆ ساردکردنەوەی رەوشەکە کەوتنە خۆ[35]. پاش لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشی رووداوەکە، هەم ئەمریکاو تورکیا پێ زانینی خۆیان بۆ بارو کاودانەکە دەربڕی و بەهەندیان وەرگرت[36].

دیسان ئەم پێشهاتەش زیانی لە پێوەندییەکانی ئەمریکا- تورکیا دا. زەلیکردن و سوکایەتیکردن بە هێزەکانی تورکیا ئەو تێگەیشتن و هزرەی لەناو سوپاو خەڵکی تورکیادا بەهێزکرد کە نابێ ئەمریکا وەکو دۆستێکی متمانەپێکراو حیسابی لەسەر بکرێ[37]. لەکۆتادا، شەڕ لە عێراقدا جۆگەیەکی دیکەی ئەنتی ئەمریکایی لەناو تورکیادا سازکرد. تورکەکان ستایشی رەجەب تەیب ئەردۆکان-ی سەرۆکوەزیرانیان کرد لەبەر هەڵوێست و راوەستانی وی لە بەرانبەر "کەڵەگایی ئەمریکایی" و، پشتگیریی ئەو بڕیارەی ویان کرد کە با جارێ تورکیا خۆی لە عێراق نەگەیەنێت، تا ئەو دەمەی ئەمریکا لە قوڕ دەچەقێ[38]. دیماهییەکەش، تورکیا ئەو شەڕەی بە بەڵگەیەکی کردەنی سەلمێنراو دانا کە ئەمریکا لەراستیدا گوێ بە نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا نادا، سەبارەت بە مەترسییە ناوچەییەکانی غەزووی عێراق، حەز ناکات گوێ لە رێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی ئەنقەرە بگرێ.

### ململانێیە نێوخۆییەکانی تورکیا

تورکیا بە گۆڕانگەلێکی سەرەکیی سیاسی و ئابووری دادەڕوا کە حیساباتی ستراتیجی و سیاسەتگەلی ناوەخۆی دادەڕێژنەوە. ئەو سیاسەتگەلەی ئێستا تورکیا پەیڕەویان لێدەکا، چەندین پرسی سەرەکی لێکەوتۆتەوە کە راستەوخۆ بەستراونەتەوە بە ناسنامەی نیشتمانیی تورکیا، بە دڕدۆنگی و گرژیی نێوان عەلمانیەت و ئیسلامگەریشەوە. هەروا سەرهەڵدان و هاتنەکایەی نیگەرانیی بەرەو ژوور هەڵکشاوی ئابووریش، کاریگەریی لەسەر بڕیاری سیاسی و کاربەڕێوەبردندا

هەیە لە تورکیا، هەروابێتەوە تەنگوچەلەمەی ئێستای ئابووریی جیهـانی وێدەچـێ ڕۆڵێگی سەرەکی بگێڕێ هەم لە نەخشەڕێژیی ئایندەی سیاسەتەکانی تورکیا و هـەم لە دیاریکردنی سەرو سەمتی سیاسەتی دەرەکیی تورکیا.

### دیرۆکێکی دابەش- دابەش

گـرژی لـەنێوان دەسـتەبژێری لەمێژینـەی حـوکمڕان لەلایـەك و پـارتی دادو گەشەپێدانی خۆپارێزی ئایینی و زۆر گەلێریتر، یان ئاق پارتی AKP لە لایەکەی تـرەوە، بەشـێکی ڕەنگدانـەوەی پەیامـە مۆدێرنیزەکردنەکـەی مـستەفا کـەمال ئەتاتورك، دامەزرێنەری کۆماری تورکیایە لە دوای شەڕی یەکـەمی جیهـان. لـە دامەزرانی دەوڵەتەوە لە 1923، ئەتاتورك و شـوێنکەوتووانی بـە دروشـمی "بـۆ گەل، وێڕای گەل" حوکمڕانیان کردووەو ریفۆرمە سەرەکییە سیاسـی، ئـابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان بەسەر وڵاتەکەدا لە سەرەوە بۆ خوارەوە جێبەجێکردووە.

ئەتاتورك، خەلافەتی عوسمانلی هەڵوەشاندەوە، ئەلف و بێی عەرەبی، خوێندن و پەروەردەی ئیسلامی لە تورکیا لادا، دۆکترینی عەلمانیی لە فەرەنسا خواستەوە کە ڕێگەی بە ئایین نەدەدا وەکو کۆسپێکی سەر ڕێگای مۆدێرنیتە، لە پەروەردەو خوێندن، لـە حکوومـەت و سیاسـەتدا بـوونی هـەبێ[1]. ئـەم بنیـادە تونـدەی ناسـنامەی تورکیـا، دەوڵـەتێکی سـانترالیزەی بیرۆکراتـی لێکەوتـەوە کـە "ئێشکگرە" خۆ بەسەروەسیەتزانەکان، لەناو زانکۆ، لەناو سوپا، لەناو دەسـتەی دادوەری، لەناو هەندێ کەرتی تری بەنفووزی چینی بێزنسدا بەردەوام لە مێـژووی تورکیا، بۆ پاراستنی پرۆژەی کەمالیستی دەخالەتیان کردووە.

دادگـەکانی تورکیـا، لــە مــاوەی 50 ســاڵی رابــردوودا، 24 حزبیــان قەدەغەکردووە، بـەو دوو حزبەشـەوە کـە ئـاق پـارتی بـەمیراتگرو زادەی ئـەوان دادەنرێ[2]. لە 1970 -ەوە، دادگەکانی تورکیـا، 4 حزبـی ئیـسلامییان قـەپات کردووە، لەوانە حزبی رەفاه، کە ئەودەمی ئەردۆگان سەرۆکی ئێـستای وەزیـران، ئەندامێکی ئەو حزبە بووە[3].



کردنـەوەی بەربـەرەی بازرگـانیی لەمـدیوو ئـەودیوی سـنوور و پێوەنـدیی دیپلۆماسی لە هەشتاکان و نۆهەتەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دا، چینێکی نوێی بێزنسی لە دوای بەکۆتاهاتنی شەڕی سـارد لـە تورکیـا لێکەوتـەوە. ئـەم چـینە خاوەنکارە خۆپارێزە ئایینیی و کۆمەڵایەتییە پرو-سەرمایەدارییە، نوێنەرایـەتی ناوەندێکی نوێ لە هێزی سیاسی لە تورکیا دەکات، کە لە دەستەبژێری نـەریتیی کەمالی کە لە ماوەی 70 ساڵی مێژووی وڵاتدا پێکهاتبوو، جودایە. ئـەم گروپـە نوێنەرایەتی هەڵ"خزان"ێکی جیـوگرافیی نفـووز و هێـز دەکـات، هـەروا وەکـو گروپێکـی سیاسـیش، لـە شاروشارۆچـکەی بـچوکتر، زۆر خۆپـارێزی نـاوەخۆی ئەناتۆلیای تورکیاڕا هاتووە. بە پشتەوانی ئەوان (واتە ئەو نوخبە تازەیـە)، ئـاق پـارتی سـەرەتا لـە سـاڵی 2002 هەڵبـژاردنی گـشتی بـردەوە، ئـەوەش بـە جەختکردنەوە لەسەر پلاتفـۆرمی ئەگـەری نەشـونمای ئەنـدامێتی لـە یـەکێتیی ئەورووپی و بەها جێگیرەکانی "دیموکراسیی کۆنزەرڤاتیڤ"[4].

ئەم سەروسەمتە پرو-بێزنسە نوێیەی بنکردایەتیی ئاق پارتی، چوارچێوەیەکی نوێی بۆ سیاسەتێکی دەرەکیی هاوسەنگ هێنایەکایەوە کە هەنـدێ لـە چـاودێرو کۆمێنتاران وەکو شێوەیەکی "نیو-عوسمانلیەت" باسی دەکەن، شێوەیەك کە نەك هەر خۆی لە کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ئیمپراتۆریای جاران دەپـارێزێ، بەڵکـە دەیەوێ تورکیا ڕۆڵێکی زۆر سەرەکی و هێژاتر، وەکو ناوبژیوانێکی هەرێمایەتی و مەڵبەندێکی بازرگانی ببینێ لەهەمانکاتیشدا تان و پۆ و رایەڵکە نەریتییەکانی خۆی لەگەڵ ڕۆژئاوادا بهیلێتەوە، بەڵام نفووزی سیاسی و ئابووری خۆیشی بـەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئاسیای ناوەڕاست فراوان بکات[5].

هەتا ئەگەر ئاق پارتی خۆی لە ئەجێندایەکی ئاشکرای ئیسلامییش بدزێتەوە وببـوێرێ، لێ ئەنـدامانی نیزامـی عـەلمانیی نـەریتیی لـە تورکیـا تـا ئێـستا بەشـکوگومانێکی زۆرەوە سـەیری ئـاق پـارتی دەکـەن. ئـەوان فراوانبـوونی پێوەندییەکانی ئاق پارتی لەگـەڵ نەتـەوەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا، کـە تـا ڕادەیەکی زۆر لە سەردەمی شەڕی ساردا فەرامۆش کرابـوون، هـەوڵ و کۆشـشی

کاتەکی بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی ناسنامەی کوردی لە چوارچێوەی نەتەوەی گەورەتری تورکیدا، ئارەزووی شلکردنەوەی کۆت و بەند لەسەر هەستی گشتیی ئایینی وەکو دەلیل و بەڵگەگەلێکی پلان بۆ دانراو بۆ بنکۆڵکردنی ئایدیال و نموونەگەلی کەمالیی سەروسەمت رۆژئاوایی، دەبینن[6]. دوا کێسی دادگا لەبەرانبەر ئاق پارتی لەبەر پێشێلکردنی پرەنسیپە عەلمانییەکان، لەوانەیە نموونەیەکی هەرە بەرچاوی ئەمدواییەی ئەو شك و گومانەی عەلمانییەکان بێ.

### ئاق پارتی لە بەرانبەر دەسەڵاتی دادوەری

لە ئاداری 2008دا، داواکاری گشتیی تورکیا، عەبدولرەحمان یالچینکایا، تۆمەتنامەیەکی بۆ قەپاتکردنی ئاق پارتی کە لەسایەی دەستووری تورکیادا رێگەی پێ دراوە، پڕکردەوە[7]. لە کێسەکەدا، کە دادگەی دەستووری گوێی لێ گرت، داواکاری گشتی گوتی ئەو حزبە بووە بە "خاڵی کۆکەرەوەی چالاکی ئەنتی عەلمانی"[8] و دەیەوێ رژێمێکی ئیسلامی لە تورکیا دابمەزرێنێ[9].

داواکاری گشتی پیلەکەی دەکرد کە بزاوت و جولەی ئاق پارتی بۆ قەدەخە هەڵگرتن لەسەر سەرپۆشی ژنانەی ستایل ئیسلامی لە زانکۆکاکاندا (کە دادگەی دەستووری لە حوزەیرانی 2008دا قلپی کردەوە) و قەدەخەکردنی فرۆشتنی ئەلکهول لەو چێشتخانانەی کە شارەوانییەکانی ئاق پارتی هەڵیاندەسوڕێنن، هاوکات لەگەڵ برەوادان بە ئازادیی فرەتری ئایینی، قامك بۆ ئەجێندایەکی ئیسلامیی شاراوە رادەکێشن کە تەحەددای عەلمانییەت دەکا[10]. هەروا داواکاری گشتی گوتی ئاق پارتی نوێنەرایەتی "مەترسییەکی بەربڵاوی فرەرەهەند" دەکات[11]، داوای 5 ساڵ دەسهەڵگرتن لە کارو چالاکی سیاسیشی بۆ 71 ئەندامی ئاق پارتی کرد لەوانە سەرۆکوەزیران ئۆردوگان و سەرکۆمار عەبدوڵڵا گویل[12].

ئاق پارتی لێبراوانە نکوڵی لەوە کرد کە گەرەکی بێت دەوڵەتێکی ئیسلامی دروست بکا و ئەو کێسەی بە هەوڵێکی کودەتایی قەزایی دانا. ئاق پارتی ئەم



دەعواکارییەی خۆی لەگەڵ هەندێکیان نەشاردەوە، کاتێ پەردەی لەسەر پلانێکی ناسیۆنالیستە تورکە میلیتاتەکان بۆ رووخاندنی حکوومەت هەڵماڵی و زێتر لە 20 کەسی لێ گرتن کە دووانیان جەنەراڵی پایەبەرزی خانەنشینن.

لەکاتێکدا زۆرکەس لە تورکان وەکو ئاماژەیەکی باش سەیری ئەو کارەی حکوومەتیان کرد کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن گەرەکییە بەرەو رووی سوپا ببێتەوە، کەچی هەندێکی دی جولەی ئاق پارتی-یان وەکو تۆڵەساندنەوە دژی رەخنەگران لە قەڵەم دا.

بۆ زۆران مایەی سەرسوڕمان بوو کە تەنیا 6 دادوەر لە کۆی 11 دادوەری دادگا دەنگیان بۆ قەپاتکردنی ئاق پارتی دا- یەك دەنگ لە ژمارەی پێویست کەمتر بوو-. لەبری ئەوە، دادگە بریاری دا بۆ ماوەی شەش مانگ پارەی تەرخانکراوی دەوڵەت (واتە بودجە) لە ئاق پارتی ببڕێ، لەبەر بنکۆلکردنی عەلمانیەت، سەرۆکی دادگە، هاشم کلیج، ئەو کارەی بە "هوشداری" لە قەڵەم دا[13].

لەکاتێکدا ئاق پارتی ئەمجارەشیان قورتاری بوو، لێ هوشدارییی دادگە بەبەر کەوانی ئاق پارتی کەوت و گرژییەکی توندی لەنێوان پارێزەرانی دەوڵەتی عەلمانی و ئاق پارتی نایەوە. داواکاری گشتی و دادگاکان بەبێ هیچ گومانێك لە نزیکەوە چاوەدێری ئاق پارتی دەکەن. ئاق پارتی-یش، لە لای خۆیەوە، ئاماژەی بەوە دا کە کارو چالاکی بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی دادگەی دەستووری دەکا[14].

دیماهی، ئەو کێسە (واتە کێسی پێوەدانی ئاق پارتی) تەنیا راڤەی ئەو کێبەرکێ و ململانەیەی ئێستا کە لەناو کۆمەڵی تورکیادا هەیە ناکا، لەنێوان ئەوانەی کە دەیانەوێ عەلمانیەت بە هەر نرخێك بێ بپارێزن و ئەوانەشدا کە دەیانەوێ ئایین لە ژیانی رۆژانەیاندا مایەی پەسندکردنی فرەوانتر بێ، بەڵکە هەروا خەباتێکیشە لەنێوان نوخبە هاوتەریبە رکابەرەکاندا لەپێناو دەسەڵات و نفووزدا[15].

## نیگەرانیی ئابووری،
## سیاسەتی تورکیا و بڕیارەکانی ڕەنگڕێژ دەکەن

وێرای وتووێژی ناوخۆیی تورکیا لەمەڕ ناسنامەی عەلمانی و پرسی ئیسلامگەری کە سەرنجێکی زۆری لەم ساڵانەی دواییدا بۆ خۆی ڕاکێشاوە، ترس و نیگەرانیی لەپێشەوەی خەڵکی تورکیا، نیگەرانی و مشوری ئابوورییە کە بە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵکەوە بەندن. بەگوێرەی ڕاپرسییەك کە بەمدواییە ئەنجامدراوە، تورکەکان تەبای هاووڵاتیانی زۆربەی وڵاتانی دنیا، زێتر مشوری پرسەکانی ئابووری و تەناهی دەخۆن. کاتێ پرسیاری ئەوەیان لێ کراوە کە داخوا گرفتی هەرە گرنگ ڕووبەڕووی تورکیا دەبێتەوە چییە؟ وەڵامی هەرە لەپێش بێکاری (34٪)، ئابووری (13٪)، تەناهی و تیرۆر (10٪)[16].

وتووێژی ڕکبەڕکە کە پێوەندی بە سەرپۆشی ژنانەی ستایل-ئیسلامییەوە هەبێ لە شوێنە گشتییەکاندا، زۆر لە خوارێ خوارێی لیستەکەوەیە. تەنانەت وێڕای کە ئەو ڕاپرسییە لەکاتێکدا کراوە، کە سەرنجێکی زۆر لەسەر کێسی دادگای دەستووری دژی ئاق پارتی هەبووە، تەنیا 4٪ی هاووڵاتیان وەکو کێشەیەکی سەرەکی چاویان لێکردووە[17]. لەوەش زۆرتر کاتێ پرسیاریان لێکراوە کە ئایا ئەو پرسانەی سیاسەتکاران بەزۆری وتووێژی لەسەر دەکەن، چییە، وەڵامیان ئەوە بووە: کێسی دژبە ئاق پارتی (48٪)و پرسی سەرپۆش (32٪). لە وەڵامی پرسیارێکی تردا، تورکەکان بێکاری و گرفتی ئابوورییان لەسەرەوەی پرسەکان داناوە کە سیاسەتکاران بایەخ و سەرنجێکی ئەوتۆیان نەداوەتێ.

وەکو زۆر وڵاتی تری دنیا، نیگەرانیی ڕوو لەزیاد لەبارەی ئابوورییەوە، وتووێژەکانی ناوخۆی تورکیایان داگرتووە. ئەمە بەو مانایە نییە کە پرسە هەستیارەکانی تر، ئەوانەی کە پێوەندییان بە ناسنامەی تورکییەوە هەیە، لەبەر ئاریشە ئابوورییەکان سڕاونەتەوەو بێبایەخ بوون. بەڵام لە مانگەکانی دادێ، لەوانەیە لە ساڵانی دادێ، پرسە ئابوورییە کاکڵەییەکان پێویستیان بە سەرنجدانی پتر هەبێ لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە.



## پارتە سیاسییە سەرەکییەکان لە تورکیا

### پارتی دادو گەشەپێدان AKP

ئاق پارتی، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و عەبدوڵڵا گویل لە ساڵی 2001دا دایانمەزراندووە. ئاق پارتی حزبێکی کۆنزەرڤاتیڤی میانڕۆی پرۆ-ڕۆژئاواییەو لەسەر بنەمای چاکسازیی دیموکراتی و ئابووری لە وڵاتدا، پێکهاتووە. سەرکردەکانی ئەو حزبە سەروساخت و ناوونیشانی ئیسلامی ڕەتدەکەنەوەو خۆیان وەکو پارتێکی پرۆ-دیموکراتی دەناسێنن کە پشتەوانی لە عەلمانیەتی ئایینی لە تورکیا بکات. وەکو سەرکردەی پارتەکە، ئەردۆگان لەگەڵ ئەندامانی حزبە سیاسییەکانی تردا کاری کردووە بۆ بنیاتنانی هاوپەیمانێتییەکی زۆر فرەوانتر، یەکگرتووتر و لایەنگیری لە ئەندامەتی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپی دەکات. ئاق پارتی لە هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لە تشرینی دووەمی 2002 و تەمووزی 2007 دا سەرکەوتنی گرنگی وەدەستهێنا کە عەبدوڵڵا گویل- وەکو سەرۆکوەزیرانی تورکیا لە 2002 ناوزەدکراو سەرکۆمار لە 2007، ئەردۆگان-یش وەکو سەرۆکوەزیران لە 2003-ەوە.

### پارتی گەلی کۆماریخواز CHP

جەهەپە، ئەو حزبە کۆنترین ڕێکخراوی سیاسییە لە تورکیا کە لە 1923 مستەفا کەمال ئەتاتورك خۆی دایمەزراندووە. جەهەپە لە دوای شەڕی سەربەخۆیی لە 1923 تا 1946، حزبی سیاسیی سەرەکی بووە، واتە تا ئەودەمەی جێگرەوەی ئەتاتورك، جەنەراڵ عیسمەت ئینۆنۆ، هەڵبژاردنی فرە حزبی هێنایەناوەوە و دیماهییەکەی دۆڕانی جەهەپەی لێکەوتەوە. ئەو پارتە لە ساڵی 1992دا لەژێر سەرکردایەتیی دەنیز بایکال، خۆی ڕێکخستەوە پاش ئەوەی لە ئاکامی کودەتا سەربازییەکەی 1980 دا بەکارهێنانی ناوی پارتەکەی لێ قەدەخەکرابوو. ئەو حزبە لە هەڵبژاردنی گشتیی 1999دا خراپ دۆڕاو بەشێکی

### پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات DTP

دەتەپە، ئەو حزبە لە 2005دا پاش تێکەڵبوونی پارتی گەلی دیموکراتی و بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی دامەزراوە. ئەحمەد تورك رابەری ئێستای ئەم حزبەیە. دەتەپە لەسەر بنەمای ئیتنیی کوردی پێکهاتووەو تۆمەتی ئەوەی دەدرێتە پاڵ کە رایەڵکەو پێوەندیی بە PKK کە رێکخراوێکی تیرۆریستی کوردییە، هەیە. وێرای فشاری یەکێتیی ئەورووپی و کاربەدەستانی ئەمریکی لە سەر دەتەپە کە خۆی لە PKK دوور بخاتەوە و بەرێکخراوێکی تیرۆریستی بزانێ، کاربەدەستانی دەتەپە رایانگەیاندووە کە سەرکردەی پەکەکە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان "رابەری گەلی کورد"ە. داواکاریی گشتی هەوڵیداوە لەبەر پێوەندی بە پەکەکە، دەتەپە هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوساکە کورسییەکانی دەتەپە لە پەرلەماندا بەتاڵ دەمێننەوە. سەرەرای ئەو تۆمەتانەش، سەرکردە سەرەکییەکانی ئەو حزبە دەڵێن دەتەپە پشتەوانی لە دەوڵەتێکی تورکیایی دیموکراتی و یەکگرتوو دەکات.

### پارتی چەپی دیموکرات DSP

ئەو حزبە لە ساڵی 1985دا لە لایەن راخسان ئەجەڤیت-ەوە دامەزراوە. لەکاتێکدا ئەو ژنە، راخسان ئەجەڤیت کە سەرۆکی حزبەکە بووە مێردەکەی، واتە بولەنت ئەجەڤیت، پاش کودەتای سەربازیی 1980 کاری سیاسی لێ قەدەخەکرابوو. پاش ئەوەی قەدەخە سیاسییەکەی لەسەر هەڵگیرا، بولەنت ئەجەڤیت بووە سەرۆکی حزبەکە لە 1987-ەوە تا 2006 و بۆ یەکەمین جار لە 1999دا بووە سەرۆکوەزیرانی تورکیا. گیرانی سەرکردەی پەکەکە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە 1999، یارمەتی ئەو پارتەی دا کە زۆر لە کورسییەکانی پەرلەمان لە هەڵبژاردنی گشتیی 1999دا بەدەست بهێنێ و 22٪ی دەنگەکان بباتەوەو ببێتە پارتی زۆرینەی پەرلەمانیی. گرژی و ناخۆشی لەناو حکوومەت و لەناو ئەو حزبەدا بوونە هۆی ئەوەی ئەو پارتە لە 2002دا هەرەس بهێنێ. ئەو پارتە لە هەڵبژاردنی 2007دا چووە پاڵ جەهەپە و بەم شێوەیە جەهەپە بووە پارتێکی



ئەو دۆڕانەش خرایە ئەستۆی دەنیز بایکال و رەخنەو گازاندەی لێکراو ئیدی ئەویش دەستی لە پۆستەکەی خۆی کێشایەوە و پاشان ئەو پۆستەی وەرگرتەوە کاتێ لە هەڵبژاردنی گشتیی 2002 دا، جەهەپە بووە دووەمین رێکخراوی سیاسیی سەرەکی لە تورکیا و حزبی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەماندا لەبەرانبەر ئاق پارتی. لە 2007دا، ئەو حزبە هاوپەیمانێتییەکی لەگەڵ پارتی چەپی دیموکراتدا کرد و 21٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناو وەك حزبی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆن، لە شوێنی خۆی مایەوە.

### پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی MHP

مەهەپە، ئەو پارتە جەخت لەسەر ناسنامەو ناسیۆنالیزمی تورك بەرابەرایەتی دەوڵەت باخچەلی دەکاتەوە. ئەو حزبە لە ساڵی 1969 لەلایەن ئالپ ئەرسەلان تورکەش-ەوە دامەزراوە. لە کۆتایی حەفتاکاندا مەهەپە بەرپرسیار بووە لە پلانی کوشتن و تیرۆرکردنی کەسایەتییە چەپڕەوەکان. دەڵێن مەهەپە و رێکخراوی لاوانی حزبەکە، واتە گورگە بۆرەکان، رایەڵکەیان هەبووە لەگەڵ ئاژانسەکانی ئیستخباراتی تورکی و سیا. لە ماوەی کودەتای سەربازیی 1980دا، تورکەش و پێڕەوانی حزبەکەی ئەو، تۆمەتی تیرۆری سیاسییان خرایەپاڵ و مەهەپە لەتەك رێکخراوە سیاسییەکانی ئەودەمە قەدەخەکرا. لە ساڵی 1983 حزبەکە سەرلەنوێ خۆی رێکخستەوە و لە 1992دا بەهەمان ناوە کۆنەکەی جارانی، هاتەوە مەیدان. پاش ئەوەی تورکەش مرد، باخچەلی سەرکردایەتی ئەو پارتەی گرتەدەست و هەوڵی دا مەهەپە وەکو حزبێکی باڵی راست و میانڕۆ نیشان بدا. لە2007 مەهەپە 14٪ی دەنگەکانی هێناو 70 کورسی لە پەرلەماندا پێ برا.

سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆن لەناو پەرلەماندا. پاش هەڵبژاردنەکە، چەند ئەندامێکی DSP ئەو هاوپەیمانێتییە هاوبەشەیان بەجێهێڵاو چوونەوە ناو حزبە ئەسڵییەکەی خۆیان. ئێستا زەکی سیزەر سەرۆکی ئەو حزبەیە.

### پارتی ڕێگای ڕاست DYP

ئەو پارتە لە ساڵی 1983دا لە لایەن ئەندامە کۆنەکانی یەکەمین حزبی دیموکراتی و حزبی عەدالەتەوە دامەزراوە کە لە ئاکامی مایەی خۆتێکردنی سەربازییەوە هەڵوەشابوونەوە. سەرۆکوەزیران سلێمان دیمیرێل ڕۆڵێکی سەرەکی گێرا لە دامەزراندنی ئەو حزبەدا. وێرای ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی کاتی، چالاکی سیاسی لێ قەدەخەکرا بوو، لە هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی ساڵی 1991دا سەرکردایەتی ئەو حزبەی بەرەو سەرکەوتن کرد. پاش مردنی سەرۆکوەزیرانی پێشوو تورگۆت ئۆزال لە 1993، دیمیرێل بووە نۆیەم سەرکۆماری تورکیا و تانسۆ چیلەر بووە یەکەمین خانمە سەرەکوەزیران. لەم ماوەیەدا، ئەو حزبە هاوپەیمانێتییەکی لەگەڵ پارتی گەلی سۆسیال-دیموکراتی و پارتی نیشتیمانیی دایک پێکهێناو دیماهییەکەی هەردووکیان هەرەسیان هێنا. پارتی ڕێگای ڕاست لە هەڵبژاردنی گشتیی 2002دا، کەمتر لە 10٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناو نەشیا ڕادەی کەمی پێویست بۆ چوونە ناو ئەنجوومەنی یاسادانان بەدەست بهێنێ. پێش هەڵبژاردنی گشتیی 2007، پارتی ڕێگای ڕاست و حزبی نیشتمانی دایك بڕیاریاندا یەکبگرن و پارتی دیموکراتی پێکبهێنن، بەڵام ئەو حزبە نوێیە تەنیا 6٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

### پارتی نیشتمانی دایك ANAP

ئەو حزبە ساڵی 1983، تورگۆت ئۆزال بۆ پشتەوانیکردنی پرەنسیپەکانی ئابووریی بازاری-ئازاد دایمەزراندووە. ئەم حزبە لەماوەی نێوان 1987-1993 دا حزبێکی سەرەکیی سیاسی بووە، بەڵام پاش مردنی ئۆزال لە 1993، ئەو حزبە بۆ



مانەوەی باری خۆی وەکو حزبێکی سیاسیی سەرەکی، دەورانێکی سەختی گوزەراند. لە 1997دا، بەرابەرایەتی مەسعود یەلماز، ئەو حزبە دەسەڵاتی گرتەوەدەست، بەڵام ریسواییە گەندەڵکارییەکانی مەسعود یەلماز و پێوەندییەکانی بە مافیای تورکی، نفووزی ئەو حزبەیان کەمکردەوە. لە 1999دا، تەنیا 14٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناو لە ساڵی 2002دا، کەمتر لەو ڕێژەیەو تەنیا 5٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. ئەو حزبە دوو جار هاوپەیمانێتیی لەگەڵ پارتی ڕێگای ڕاست پێکهێناوە، یەکیان لە ساڵی 1995 و ئەوی تریان لە 2007دا.

## توركیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین

لە سەدەی 16-ەوە تا 1920، ئیمپراتۆریای عوسمانلی کۆنترۆڵی هەموو ئەو ناوچەو هەرێمانەی دەکرد کە ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین-یان پێ دەگوترێ. کاتێ کە بەریتانییەکان دژی عوسمانلییەکان لە شەڕی یەکەمی جیهاندا بزوتن و کەوتنەخۆ، هێزە تازەو ساواکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبیان هانداو کەنالیزەکرد بۆ ناو شاڵاو و هەڵمەتێکی دژبە ئاغا تورکەکانیان. پاش دارِمانی ئیمپراتۆریای عوسمانلی، لە کۆتایی شەڕی گەورەدا، هێزە کۆلۆنیالییەکانی بەریتانی و فەرەنسی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوینیان-یان کێشایەوە. بۆ ماوەی نزیکەی 70 ساڵ، ڕۆژهەڵاتی ناوەراست تێکەڵەیەك لە رابەرو سەرکردەی ستەمکار، پاشایەتی، مایەی خۆتێکردنی دەرەکی وەکو تەنگژەی سوێسی 1956، زنجیرەیەك بڵاوەپێکردنی سەربازی لە لبنان، شەڕی 1991ی کەنداو، شەڕی 2003ی عێراق، باڵیان بەسەردا کێشا.

ئەمڕۆ، ئەو سیستەمە سیاسییەی دوای سەردەمی عوسمانلیی-یش هاتبووەئارا، دارِماوە. هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا شێوەیەکی دی وەردەگرێ بە هاتنەپێشەوەی ئێران، تەپوتۆزی شەڕی عێراق، ناسەقامگیریی بەردەوامی قوڵ و بەرەی عەرەب- ئیسرایل. بۆ ئەوەی تورکیا بەرژەوەندەکانی خۆی لەو سیستەمی نوێیە بەخۆداهاتووەدا پێشبخات، دەبێ جڵەوی ئەو حەساسیەتە ناوچەییەی سەبارەت بە ڕۆڵی مێژوویی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەبووە، کۆنترۆڵ بکاو مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

تورکیا لە 5 ساڵی رابردوودا، بۆ پێکهێنانی شەریکایەتیەکی زیندو و کارا لەگەڵ وڵاتە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بۆ چەند دەیەی داهاتوو، چەندین هەنگاوی بۆ هاتنەناو ناوچەکە لە چەندین قوڵدا ناوەتەوە. سەرنجی سەرەکیی ناوچەیی تورکیا لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرسی کورد بووە، بەڵام



تورکەکان ئەکتیڤن لە دیپلۆماسی عەرەب- ئیسرایل، ئاشتیپارێزی لە لبنان، پرسەکانی وزە وەکو هەناردەی نەوتی عێراق.

بەکورتی، تورکیا ڕۆڵێکی تەوەرئاسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگێرێ، ئەم تێوەخزانەی تورکیا لە 10 ساڵی داهاتوو زۆرتر دەبێت، چونکە تورکیا یەکێکە لەو وڵاتە دەگمەنانەی جیهان کە پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هێزە سەرەکییەکانی ناوچەکەدا هەیە، لەوانە میسر، ئێران، ئیسرایل، سعودیەی عەرەبی. بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەو گۆرانکارییە بەرچاوانەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیان بەتەواوی گرتۆتەوە، ئەمریکا پێویستی بە بنیادنانی شەراکەتە لەگەڵ تورکیا. دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا بەیەکەوە بۆ دارِشتنەوەو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵە بەرژەوەندی و ئامانجێکی هاوبەش بۆ تەواوی ناوچەکە، کاربکەن.

لەکاتێکدا هاریکاریی ئەمنیی- بەردی بناخەی پێوەندیی ئەمریکی و تورکییە- بە گرنگیی خۆی دەمێنێتەوە، دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕینی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە قازانجی ئەمریکا و زۆرینەی هەرە زۆری هاووڵاتیانی ناوچەکە، زێتر تەماشای ئامرازە سیاسی، دیپلۆماسی و ئابوورییەکان بکات. کارکردن بۆ بردنەپێشەوەی بەرژەوەندیی هاوبەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و لەبەرچاوگرتن و گرنگیدان بە هەڕەشەی هاوبەش، هەر دوو وڵات، واتە تورکیا و ئەمریکا، دەتوانن وەکو شەریك لەگەڵ ئەوانی دی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا سەقامگیری، بوژانەوەو خۆشبەختی بەرەوپێشەوە ببەن.

ئەنقەرە بووەتە بەرەو سەنگەری هەرپێشەوەی دامەزراندنی پێوەندیی ئابووری لەگەڵ چەندین یاریزانی جیا-جیای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، لە ئیسرایلەوە بگرە تا عێراق. هەر بوژاندنەوەو بەخۆداهاتنەوەیەکی پێوەندیی ئەمریکی- تورکی، بە ناچاری لەنزیکەوە باڵدەکێشێتە سەر نەشونمای ئابووری و هاریکاریی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. تەنیا بەهۆی وەگەڕکەوتنێکی ئەکتیڤانەی دیپلۆماسیی ئەمریکی و پشتەوانی سیاسیی ئەو، جا هەرچۆن بێ، تورکیا دەتوانێ دۆزو

مەسەلە ناوچەییە بەرچاوەکانی خۆی چارەسەر بکات و زێتر ببێتە شەریکێکی بەنفووز بۆ ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

پێوەندییەکی دروست و ساخلەمی نێوان ئەمریکا- تورکیا، دەتوانێ یارمەتی هێورکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بدات، لەکاتێکدا لەیەکدوورکەوتنەوەی بەردەوام و نامۆبوون لەیەکدی، هەم ناوچەکە دەشێوێ و هەم بۆ تورکیاو هەم بۆ ئەمریکاش خراتر دەبێ. کەواتە یەکەمین ئەولەویەت لەپێش ئیدارەی ئۆباما، تەختکردنی سەرسەختترین گرفتە لە ڕێگەی پێوەندییەکانی ئەمریکا- تورکیادا، ئەوژی پرسی کوردە. تەنیا پاش ئەوە، هەردوو وڵات دەتوانن زۆر کراوەترو ڕاشکاوانەتر لەسەر ئەرکە گرنگە دووقۆڵییەکانی تری بەردەمیان، کار بکەن.

## تورکیا، عێراق و تەحەددیی کوردی

دەردو خەمی تەناهیی نەتەوەیی سەرەکیی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بریتییە لە شەڕو نەبەرد لەگەڵ PKK. ئەم کێشەیە بەشێکی ناوەندییە لە پێوەندیی ئاڵۆزی تورکیا هەم بە دانیشتوانە کوردەکەی خۆی و هەم بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان KRG، حکوومەتی هەڵبژێردراوی سێ پارێزگاکەی سەری سەرەوەی عێراق. پرسی کورد بەتەنیا کار ناکاتە سەر پێوەندیی تورکیا بە عێراق و ئەمریکاوە، بەڵکە سوریا و ئێران-یش. چۆن تورکیا و ئەمریکا دەتوانن بەرەنگاری گرفت و ئاریشەی PKK ببنەوە، خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئایندەی پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هاوپەیمانە بەشکۆو بەدەسەڵاتەکەی (واتە ئەمریکا) و هاوسێیە نزیکەکانی.

بنکەی پشتەوانیی PKK بەشێوەیەکی سەرەکی لەناو دانیشتوانە کوردەکەی تورکیادایە. کورد 15-20%ی سەرجەم دانیشتوانی تورکیا دەبن، تا ڕادەیەکی زۆر لە چارەکە بازنەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە لە نزیک سنوورەکانی هەر یەك لە سوریا، ئێران و عێراق دەژین[6]. PKK لەناوەڕاستی حەفتاکاندا لەسەر بناخەیەکی مارکسی- لینینی دامەزراوەو شەڕڤانی سەرەکیی



شەڕی نێوان تورکیا- کوردە کە زێتر لە سێ دەیەیە درێژەی هەیەو نزیکەی 37000 کەس گیانیان لەدەستداوە[7].

گرتنی ڕابەری PKK، عەبدوڵڵا ئۆجالان، لە 1999 دربێکی گەورە و جەرگبڕی لە پەکەکە سرەواند، یەکجێ دوای زیندانیکردنی، ئەو گروپە هەوڵی دا وەکو حزبێکی سیاسیی ئاشتیخواز خۆی سازبداتەوە و ئاگربڕێکی یەکلایەنەی ڕاگەیاند. لەم ماوەیەدا، شوێن و پایەی کورد لە تورکیا جێگیرتر بوو، بەشێوەیەکی پاژەکی لەسەرینی کاریگەریی ئەو ریفۆرمانەی کە پرۆسەی تەڤلیبوون لە یەکێتیی ئەوروپی دەیانخوازێ، وەکو ریفۆرمگەلێکی قانوونی و سیاسی کە پاراستنێکی زۆرتر بۆ کوردان دابین دەکەن[8].

لە ساڵی 2004دا، PKK ئاگربڕە یەکلایەنەکەی خۆی شکاندو لەو بنکانەڕا کە لەناو تورکیا لە 2005 دروستی کردبوونەوە، دەستیکرد بە پەلاماردانی ئامانج و نیشانەکانی تورکیا[9]. لە 2006دا، PKK پەلامارو هێرشی سنووربڕی لەناو خاکی عێراقەوە بۆ ناو باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەست پێکرد. تورکیا لە تۆڵەی ئەوەدا، بە هێرش و پەلاماری سەربازیی سنوورشکێن، وەڵامی پەکەکەی دایەوە. دوابەدوای زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری کوشندانەی پەکەکە، لە دیسامبەری 2007دا، تورکیا بەیارمەتیی زانیاریی ئیستخباراتیی ئەمریکی، شاڵاوێکی بۆمبارانی دژ بە بنکەو بارەگاکانی PKK لە باکووری عێراق دەستپێکرد.

لەوکاتەوە هێزەکانی تورکی بەردەوام لەگەڵ PKK پێکدادەدەن[10]. شاڵاوی بۆمبارانی تورکی لە شوباتی 2008دا، پەلامارێکی زەوینی بەدوادا هات، دیسانەکینێ هەر بەیارمەتی زانیاریی ئیستخباراتیی ئەمریکی، دەوروبەری 10000 کەسێك لە هێزەکانی تورکیا بەشدارییان لەو پەلامارەدا کرد. دوای بەکۆتاهاتنی ئەو هێرشە زەوینییەی تورکیا لە 29ی شوباتدا، کاربەدەستانی تورکی یەکەمین کۆبوونەوەیان لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە 28ی ئاداری 2008داکرد بۆ وتووێژکردن سەبارەت بە هاریکاری یەکتر لەبواری پرسگەلی ئەمنیدا[11].

وێڕای گرفت و کێشەی PKK، پێوەندیی تورکیا بە کوردەکانی عێراق لە سەروسەمت و ئاراستەیەکی تەنیا ئەمنیی یان سەربازی زێتر بووە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەخۆداهاتنەوەی ئابووری، پشتی بە تورکیا بەستووە: لە کۆتایی 2007دا زێتر لە 80٪ی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستاندا لە تورکیاوە بووە[12]. وەبەرهێنانی تورکی لەدوای غەزووی 2003-ەوە تا ئێستا گەیشتۆتە 8 بلیۆن دۆلار[13]. لەراستیدا، تورکیا بەرژەوەندییەکی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە وەکو دەروازەیەك وایە لەنێوان باکووری عێراق و باقی جیهاندا. وەکو سەرۆکوەزیران رەجەب تەیب ئۆردوگان ئاماژەی بۆ کردووە "ئێمە دەرگای هەرە گرنگین بۆ کردنەوەی جیهان بە رووی باکووری عێراق. ئێمە دەرگای هەرە راست و دروستین "[14].

ئەو بەرژەوەندییە ئابوورییە هاوبەشانەی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا پاڵ بەهەردووکیانەوە دەنێت کە واز لە رووبەرووبوونەوەی یەکتری بهێنن و بەرەو هاریکاری هەنگاو بنێن. ئەمڕۆ، پێوەندیی و پشتبەستن بەیەکودوو لەنێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە: تورکیا ناکارێ بەبێ بەشداریی چالاکانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو هەڕەشەیەی PKK لەناو ببات، لەکاتێکدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ لە رووی ئابوورییەوە بەبێ تورکیا کە وەکو دەروازەی ئەوە بەرووی جیهاندا، خۆی بەپێوە بگرێت. کێشە ئەمنییەکانی تورکیا و سەرکەوتنە ئابوورییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی درێژخایەندا، بەندن بەبوونی پێوەندییەکی کردەنی لەنێوان هەردوولادا.

لە ماوەی نۆهەتەکاندا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆڵێکی لێبڕاوانەی گێرا لە پێکەوەنانی پێوەندییەکی سێ قۆڵی کە بەهۆیەوە پاراستنی سەربازیی بۆ کوردەکانی عێراق دابینکرا، کوردەکان PKKەیان تێکشکاند و تورکیاش بارەگاو بنکەی بۆ سوپای ئەمریکا دابینکرد. ئیدارەی ئۆباما دەبێت ئەولەویەتی خۆی لەسەر بنەماکانی ئەو پێوەندییە نوێیە بنیات بنێ کە لەسەر



ئەمنیەتی تورکیاو پێداویستییە ئابوورییەکانی کورد (هەرێمی کوردستان) دامەزراوە، لەکاتێکدا دەبێت جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و لەنزیکەوە کارکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا بکاتەوە.

بەتایبەت، دەبێت دیپلۆماتەکانی ئەمریکا ئەوە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان روون بکەنەوە کە پشتەوانیی بەردەوامی ئەمریکی بۆ ئەوان، تا رادەیەکی یەکجار زۆر بەستراوەتەوە بە تێکشکاندنی بەراستیی PKK. پاشان دەبێت ئەمریکا داوا لە تورکیا بکات کە پاکێجێکی بەرچاوی وەبەرهێنان و سەرمایەخستنەگەڕ لەو هەرێمەدا بکات. دەبێت ئەمریکا هاوشانی ئەم پاکێجە، خۆی ساز و ئامادە بکات. لەوەش زێتر، پێویستە هەر لە ئێستاوە ئەمریکا هەرچی لەدەست دێ بۆ هاندانی تورکیا و عێراق، نەمازە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بیکات، بۆ بنیاتنانی رایەڵکەی سەرەکی و بەرچاوی ئابووری لەگەڵ تورکیادا.

پێویستە تورکیا هان بدرێ دان بە ستاتۆی ئۆتۆنۆمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بنێت لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسیی عێراقی و، هاریکاریی ئابووری و ساتوسەودای بازرگانی لەگەڵدا مۆربکات لەبەرانبەر کاروکردەی توندتری حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دژی پەکەکەو رێکخراوگەلە سەربەدەرە نوێنەرەکانی ئەو. دانان بە ستاتۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی سیستەمی فیدرالیی عێراقی لەکاتێکدا جەخت لەسەر یەکێتیی خاکی عێراق بکرێتەوە، کاتێك هێزەکانی ئەمریکی لە چەند مانگ و ساڵی داهاتوودا بەتەواوی لە عێراق دەکشێنەوە، پلەو پێگەیەکی باشتر بۆ تورکیا دەستەبەر دەکا بۆ کاریگەریی دانان لەسەر رووداوەکانی عێراق. لە هەمانکاتدا پێویستە ددان بەوەشدا بنرێ کە ئەمریکا زۆر نفووزی بەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە تا بەسەر تورکیا- جا چ هێزەکانی ئەمریکی لە عێراقدا بن یان نا.

کاتێك ئیدارەی ئۆباما لەسەر کێشانەوەی هێزەکانی لە عیراق کە لە 2008-ەوە دەستی پێکراوە، بەردەوام دەبێ، پێویستە بۆ تەناهیی ئەقلیمی و ئەو دەسپێشکەرییە دیپلۆماسییانەی بەمەبەستی سەقامگیرکردنی عێراق و

دراوسێیەکانی دەکرێن، ئەمریکا هاریکاری خۆی لەگەڵ تورکیا بەهێزبکات. بەر لە دەسپێکردنی شەر لە عێراق لە 2003دا، تورکیا رۆڵێکی سەرکردایەتی بەخۆی داوە بۆ رێکخستنی یەکەمین کۆنفرانسی وڵاتە دراوسێیەکانی عێراق. ناو بەناو لەماوەی 5 ساڵ زێتری بەردەوامبوونی شەڕ لە عێراقدا، تورکیا کۆڕو کۆبوونەوەی لەمبابەتەی رێکخستووەو میوانداری کردووە. کارکردن لەگەڵ رێکخراوی نێودەوڵەتی لەبابەتی یوئێن و لەرێگەی کۆربەندی "العهد الدولي مع العراق"، تورکیا دەکارێ رۆڵێکی تەوەرئاسا بگێرێ لە رێکخستنی دەسپێشکەری چەند لایەنە بەمەبەستی جێگیرکردنی عێراق و کەمکردنەوەی ئەو تەپ و تۆزەی لە گرژی ناوخۆیی عیراقەوە هەڵدەستێ.

### تورکیا و ئیسرایل

تورکیا یەکێ لەو سێ دەوڵەتە زۆرینە موسڵمانە سەرەکیینانەیە کە ئیسرایل پێوەندیی دیپلۆماتیی فولی لەگەڵدا هەیە[15]. بەپێچەوانەی "ئاشتی سارد" لەگەڵ میسر، تورکیا و ئیسرایل سەبارەت بە پانتایەکی فرەوانی پرسەکاندا هاریکاری یەکودوو دەکەن، بە مەسەلە سەربازییەکانیشەوە. وێدەچێ پێوەندیگەلی تورکی- ئیسرایلی لەسەر بناخەیەکی پتەو دارێژرابن. تورکیا لەبەر ئەوەی رایەڵکەیەکی بەهێزی هەم لەگەڵ ئیسرایل و هەم لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبدا هەیە، دەکارێ وەکو دەستاوێژێکی گرنگ بۆ دیپلۆماسی عەرەبی- ئیسرایلی هەڵبسورێ.

سەری چەند ساڵانە، هاریکاریی نێوان تورکیا- ئیسرایل لە بواری سەربازیدا پتەو بەهێزە. ئەم پێوەندیینانە دەزڤرنەوە بۆ ساڵی 1992، کاتێ کە هەردوو وەزیری بەرگریی تورکیا و ئیسرایل چەند پرەنسیپێکیان ئیمزاکرد سەبارەت بە هاریکاریی یەکودوو لەبەرانبەر هەڕەشەی ئەقلیمی وەك تیرۆریزم و رەوتارکردن لەبەرانبەر دەوڵەتگەلی وەك سوریا، ئێراق و ئێران. ساڵی دوایی، هەردوو دەوڵەت رازیبوون کە زانیاریی ئیستخباراتی بەیەکتر بدەن و سەبارەت بە تیرۆریزم



هاریکاری یەکدی بکەن. لە 1992-ەوە تورکیا بۆ خۆی سوود لە پیشەسازیی تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی سەربازیی ئیسرایلی دەبینێ و فرۆکەی جەنگیی ئێف 4 و ئێف 5 و تانکی ئێم 60 پێشدەخات. سەرباری ئەوەش، هێزە ئاسمانی و دەریاییەکانی تورکیا و ئیسرایل بەردەوام سەردانی یەکدی دەکەن و لەگەڵ یەکتردا راهێنان و مەشق دەکەن و بەیەکەوەش لەگەڵ ئەمریکا مەشقی فریاکەوتنی دەریایی دەکەن[16].

هەروا تورکیا و ئیسرایل پێوەندیی ئابووریی بەهێزیان لەنێواندا هەیە. بەکورتی، دوای ئاڵوگۆڕ (تبادل)ی سەفیر لە کۆتایی 1991دا، هەردووکیان پەیماننامەیەکیان بۆ پێشخستنی گەشتوگوزار مۆرکرد. لەکۆتاییی2003دا، 320000 گەشتیاری ئیسرایلی بۆ گەشت و گەڕان چوونەتە تورکیا. هەروا هەردوولا رێککەوتننامەیەکی بازرگانیی ئازادیان لە 1996دا مۆرکرد کە لە ساڵی 2000-ەوە کاری پێ دەکرێ[17]. هاریکاریی ئابووریی پارەدراو: لە کۆتایی 2005دا، ئیسرایل بووە شەریکێکی سەرەکیی بازرگانیی تورکیا، کە بایی 900 ملیۆن دۆلار بەرهەمی ئیسرایلی هێناوەو بایی ملیارێك و دوو سەد ملیۆن دۆلاریش شتومەکی بۆ ئیسرایل هەناردووە[18]. هەروا ئیسرایل و تورکیا بەکورتی لە پرۆژەکانی ئاو-یش هاریکاریی یەکتریانکردووە و ئیسرایل رازیبووە 50 ملیۆن مەتر سێ جا ئاو کە بایی 1 ملیار دۆلارە لە تورکیا بهێنێ لە 2004دا —بەر لەوەی هەردوو وڵات لەبەر لەکورتیدانی سەرچاوەکانی ئاوی تورکیا، لەسەر ئەوە رێکبکەون کە ئەو سەودایە بۆ ماوەی دوو ساڵی تر رابگرن[19].

سەرباری ئەو رایەڵکە بەهێزە سەربازی و ئابوورییانە، پێوەندیی تورکیا- ئیسرایل لەمیانەی دوا خولی توندوتیژیی عەرەبی- ئیسرایلی، پشێوی و ساردی تێکەوت. لە 2000 هێروە، سەرۆکوەزیرەکانی تورکیا بولەنت ئەجەڤیت و ئەردۆگان بەردەوام بە شێوەیەکی توندو ئاگرین، سیاسەتەکانی ئیسرائیلیان لە فەلەستین شەرمەزارکردووە. ئەردۆگان ئیسرایلییەکانی تووڕەو پەستکرد کاتێ لە شوباتی 2006دا، بەرپرسانی تورکیا بۆ یەکەمین جار لەگەڵ حەماس لە ئەنقەرە

کۆبوونـەوە، لەکاتێکـدا کێـشەو شـەڕی نێـوان حزبـوڵڵا و ئیـسرایل دوای ئـەوە لەهەمان ساڵدا هەستونەستی دژە-ئیسرایلی لەناو تورکیا پەرە پێدا[20].

هەسـت و نەسـتی دژە سـامییانە لـەناو هەنـدێ کـەرت و توێـژی خـەڵکی تورکیادا، کە لەوانەیە بە هەستی دژە ئەمریکاییەوە بەندبێت، لە پشتەوانی رای گشتی بۆ پێوەندیگەلی تورکی-ئیسرایلی کەمکردۆتـەوە[21]. لەگـەڵ ئەوەشـدا، پێوەندیی بەکردەوەی ئابووریی و سەربازیی وەکـو خۆیـان ماونەتـەوە. لـەکۆتایی 2007دا، سەفیری تورکی لە تەلئەبیب گوتی "ئیسرایل وڵاتی ژمارەی یەکـە کـە ئێمە متمانەو بڕوای پێ بکەین"[22].

بەمدواییە، تورکیا پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئیسرایل و دەوڵـەتانی عەرەبیـدا بـۆ ئاسانکاریکردن بۆ وتووێژی نێـوان سـوریا و ئیـسرایل، بـەکارهێناوە. لـە ئایـاری 2008-ەوە بەرپرسـانی ئیـسرایلی و سـوری، تورکـەکانیان وەکـو بـەریوان لـە وتوێژەکانیاندا لە ئەستانبۆڵ بەکارهێناوە[23]. ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا دەبێت پشتەوانی لە تورکیا بکاو یارمەتی هەوڵەکانی بـدات بـۆ ئاسـانکاریکردنی ئەو دیالۆگـە و هـەردووکیان پێویـستە کۆشـشەکانیان تـا ئـەو رادەیـەی دەکـرێ، هەماهەنگ بکەن. وتووێژی ڕوبەڕووی ئیسرایلی- سوری دەرفـەتێك دەکاتـەوە بـۆ ئـەمریکا کـە ئامانجـە چـەند لایەنـە ئەقلیمییـەکانی خـۆی بـەدی بهێنـێ و پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەنقەرە لە ڕێگـەی تەنـسیقکردنێکی زیـاترەوە بـەهێز بکات. لەهەمانکاتدا، پێویستە ئەمریکا، تورکیا و ئیسرایل هانبدا کە پێوەندییـە ئابووری و سـەربازییەکانی ئێـستەیان بهێڵنـەوەو پـەرەپێ بـدەن. بـەردەوامبوون و فراوانکردنی مەشق و ڕاهێنانی سەربازیی تورکی- ئیسرایلی- ئەمریکیی هاوبـەش هەنگاوێکی گرنگە کە دەکرێ ڕاستەوخۆ و لە هەنوکەوە هەڵیبێیننەوە.

## تورکیا و ئێران

تورکیا و ئێران پێوەندیی پەرەگرتووی وزەیـان لەگـەڵ یەکـدا هەیـە، لەتـەك نیگەرانیی هاوبەش سەبارەت بە میلیشیای کوردی لەسەر سنووری عێراق. تەبای



تورکیا، ئێران ڕوبەڕوی گروپێکی گەریلایی جیـاخوازی کـوردی دەبێتـەوە، واتـە پارتی ئازادی ژیـان لـە کوردسـتان (پـژاك)، کـە ڕایەڵکەیـەکی نزیکـی لەگـەڵ پەکەکەدا هەیە. تێکگەیشتن سەبارەت بەهەڕەشەی هاوبەش، تورکیا و ئێـران-ی بەشێوەیەکی خەتەرناك لێکنزیك کردۆتـەوە لـە بـواری سـەربازی و هاریکـاریی زانیاریی ئیستخباراتیدا. هاریکاری ئێرانی- تورکی لـە بـەرەو قـۆڵی پەکەکـە-پژاکدا، هەندێ ئاڵۆزو پاڵۆزی دەنێتەوە کە پێویـستی بـە ئیـداردانێکی تایبـەت هەیە- هیچ هاوپەیمانێکی تری ناتۆ ئاوا نزیك لە بـواری ئەمنیـدا لەگـەڵ ئێـران سەروکاری نییە.

لـە سـاڵی 1988دا، تورکیـا و ئێـران کۆمیـسیۆنێکی بـاڵای تـەناهیان پێکهێنـاوە، لێ تـەنیا بەمدواییانـە زانیـاریی ئیـستخباراتیان داوەتـە یـەکترو هاریکاری سەربازی گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی. فەرمانـدەی هێـزە زەمینییـەکانی تورکی بەمدواییانە ئەوەی درکاند کە تورکیا و ئێران لـە میانـەی ئۆپەراسـیۆن و شـەڕەکانی 2007 و 2008دا دژی پەکەکـەو پـژاك، زانیـاریی ئیـستخباراتیان بەیەکودوو داوەو تەنسیقیان لەگەڵ یەکدا کردووە[24]. لـەوەش پـتر، لـە نیـسانی 2008دا، تورکیا و ئێران یادداشتێکی لێکتێگەیشتنیان مۆرکرد و لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتوون لە بواری پرسەکانی ئاسایشدا، هاریکاری زیاتری یەکدی بکەن[25].

لەوانەیـە پێوەنـدیی تـورکی- ئێرانـی لـە بـواری ئابووریـدا، پێوەندییـەکی هەرەبەهێز بێت. بازرگانیی دووقۆڵی لەنێوان هەردوو نەتەوەدا گەیـشتە لوتکـەی خـۆی لـە 2007دا، کـاتێ بـایی زێـتر 8 بلیـۆن دۆلار، کـاڵا و شـمەك لـەنێوان هەردوووڵادا سەوداکراوە. ئەمە لە چاو سـاڵی 2006دا، 19.5٪ زیـادی کـردووە. ئەگەر ئەم سەمت و ئاقارو ئاراسـتەیە بـەردەوام بێـت- بازرگـانی لـە کـانوونی یەکەمی 2008دا لە چاو کانوونی دووەمی 2007دا، لەسەدا 32 زیـاد بـووە[26]- ڕایەڵکەی توندوتۆڵتر لەنێوان هەردوو نەتەوەدا ڕەچاو دەکرێ.

هـەروا تورکیـا و ئێـران سـەبارەت بـە پرسـەکانی وزە-ش لەیەکـدی نزیـك بوونەتەوە. پاش ڕووسیا، ئێران دووەمین گەورە- دابینکاری گازی سروشتییە، کە

6.2 بلیۆن مەتر سێ جا گاز بۆ تورکیا دەنێری[27]. لە تەموزی 2007دا، تورکیا و ئێران یادداشتێکی لێکتێگەیشتنیان سەبارەت بە گواستنەوەی نەوت و گاز وەکو وەبەرهێنانێکی هاوبەشی وزە مۆرکرد[28]. MOU رێگەی بە کۆمپانیای نەوتی تورکی دا کە گازی سروشتی لە کێڵگەی باشوری پارسی ئێرانەوە دەربهێنێ و بەناو خاکی تورکیادا بینێرێتەدەرێ. لەکاتێکدا ئەم ساتوسەودایە هێشتا لەسەر مێز ماوەتەوە، تورکیا و ئێران نەشیان ئەو سەودا 3.5 بلیۆن دۆلارییە بەکۆتابێنن[29]. ئەگەر ئەم پرۆژەیە لە دیماهیدا سەربگرێ، نیگەرانیی ئەمریکا دەچێتەسەر[30]، چونکە ئەمریکا بەگوێرەی قانوونی تەمبێکردنی ئێران، رێوشوێنی سزایی بەسەر ئەو قەوارانەدا جێبەجێ دەکات کە زێتر لە 20 ملیۆن دۆلار لە ئێران لە بواری نەوت و گازدا بخەنەگەڕ[31].

سەرباری هەولۆکۆششی بەردەوام بۆ بەرەوپێشبردنی پێوەندیی دووقۆڵی، تورکیا و ئێران هەنگاوی فراوانیان بۆ قوڵکردنەوەی پێوەندییەکانیان هەڵنەناوەتەوە. لە ئابی 2008دا، ئەحمەدی نەژاد سەردانی سەرکردایەتی تورکیای لە ئەستەنبۆڵ کرد. زیارەتی ئەحمەدی نەژاد پیلەکەو گەنگەشەی لێکەوتەوە، چونکە رازی نەبوو زیارەتی گۆڕی کەمال ئەتاتورك لە ئەنقەرە بکات. سەرکردەکانی تورکیا پێیان لەمە خشاندو، شوێنی دیداری لوتکەی نێوان هەردوولایان کردە ئەستەنبۆڵ و سەردانەکەیان لە سەردانێکی رەسمیی دەوڵەتییەوە کردە "زیارەتێکی ئیشوکار"[32].

ئەم دەسپێکە شووم و نارێکەی ئەو سەردانەی ئەحمەدی نەژاد، باقی ئەجێندای کۆبوونەوەکەی دیاریکرد. تورکیا و ئێران شتێکی جەوهەری کەمیان راپەراند. ساتوسەودای چاوەڕوانکراوی وزە لەنێوان هەردوولادا نەهاتەدی و تورکیا هیچ هەنگاوێکی لەمەڕ کێشەی نەوەوی ئێرانی (واتە خۆی تێ نەگەیاند) بەرەو پێشەوە نەنا. سەرکردەکانی تورکیا، مینا سەرکۆمار عەبدوڵڵا گویل پشتەوانی خۆیان بۆ پرۆگرامی نەوەویی ئێرانی دەربڕی، مادامەکێ بۆ مەبەستی ئاشتیخوازی بەکاربێ و داوایانکرد کە ئێران هەڵوێستی خۆی بۆ کۆمەڵگەی



نێودەوڵەتی روون بکاتەوە کە پرۆگرامێکی چەکی نەوەوی لەبەر نییە. بەهەرحاڵ، ئەحمەدی نەژاد لەسەر ئماکاریی ئەو بۆنەیە سەرمایەگوزاری کرد کە ئێران وڵاتێکی دورەپەرێزی دابڕاو لە جیهاندا نییە[33].

ئەم زنجیرەیە، پێویستیی بەهاریکاریی لەنزیکەوەتری ئەمریکی- تورکی سەبارەت بە ئێران هەیە، بەو شێوەیەی کە پێداویستییە ئابوورییەکانی تورکیا و بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی جیهان نابێ لە یەکتر بڕینی یەکتردا بەردەوام بن. بەڵکە بەرودوا، بەهەرحاڵ، ئەمریکا نایەوێ تورکیا زۆر بەلای تاراندا بیشکێنێتەوە. ئاسانترین و سادەترین رێگە پشتەوشارکردنەوەی بازنەی سیاسەت لێرەدا ئەوەیە کە هەوڵێکی بێوچان بدرێت بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی تورکیا و حکوومەتی هەرێم و خاوکردنەوەی گرژی نێوان کورد- تورك. بێلایەنکردنی پەکەکەو پژاك و لابردنی لێکحاڵیبوونی زەوینەی هەرەشەی هاوبەش لەنێوان تورکیا و ئێران یارمەتی لابردنی خاڵێکی بەرژەوەندیی هاوبەش لەنێوان ئەنقەرەو تاران دەدات.

## تورکیا و ئاشتیپارێزیی رۆژهەڵاتی ناوین

تورکیا رۆڵێکی چالاکانە لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزی لە باشوورو رۆژهەڵاتی سنووری خۆیدا دەگێرێ. لە ئەفغانستان، تورکیا دووەمین نەتەوەیە دوای بەریتانیای مەزن لە سەرکردایەتی هێزی یارمەتیدەرو تەناهیی نێودەوڵەتی. لە ئەیلوولی 2008دا، تورکیا 725 سەربازی خۆی بۆ ئەفغانستان ناردو تیمی بنیاتنانەوەی ئوستانی (وەردەك) لە ناوەراستی ئەفغانستان رابەرایەتی دەکا[34].

لە ئەفغانستان هێرەوەتر، بەشداریکردنی تورکیایە لە هێزی کاتەکی یوئێن لە لوبنان لەدوای شەڕی 2006-دەوە. کۆمپانیایەکی 261 کەسیی ئەندازیاریی تورکی لە لبناندا بڵاوە پێکراون، کەشتییەکی جەنگ (فرقاتە)ی تورکی هەنوکە لە کەنارەکاندا لەگەڵ هێزێکی دەریایی ئەورووپی دەسورێنەوەو ئێشك دەگرن.

بەگشتی، تورکیا بە نزیکەی 1000 کەس لە هێزەکانی یوئێن لە لبنان بەشداری دەکا[35]. سۆنگەی تورکیا بۆ یارمەتیدانی سەروەریی لەرزۆکی لبنانی دەگەڕێتەوە بۆ وەزیری دەرەوەی پێشوو و سەرۆکی ئێستا عەبدوڵڵا گویل، کە لە ئەیلوولی 2006 گوتی "تەنگژەی لبنانی بەتەواوی، پێگەی ستراتیجیی تورکیا کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەیەکدەگەیەنێ و دوورایی ڕۆژهەڵاتی ناوینی قەوارەکەی ئێمە پێکدێنێ، دەگرێتەوە"[36]. لەوەش زێتر، گویل داوای کرد کە بەشداریکردن لە هێزی کاتەکی یوئێن لە لبنان دەبتە پشتوپەنا بۆ چوونەناو پرۆسەی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپی.

لەگەڵ هەوڵوکۆششی تورکیا لە بواری دیپلۆماسیی هەرێمایەتیدا، ئەمریکا پێویستە هانی تورکیا بدا کە زێتر بخزێتەناو پرۆسەی ئاشتیپارێزیی ناوچەیی و لە هەر کوێیەك بوار بۆ هەماهەنگی هەبێ، کاروکردەی هاوبەش لەگەڵ تورکیادا بکات. ئەمریکا پێویستە پشتەوانی لۆجستیی هەوڵو کۆششە ئاشتیپارێزییەکانی تورکی بکا، ئەگەرهاتوو ئەوان پێویستیان بەو یارمەتییانە بوو. هەروەها پێویستە باروبوی دارایی تورکیاش، تا بە خەرجی ڕەوانەکردنی ئەو هێزانە رابگات، بخرێتە سەرمێز.

## پشتەوانیکردن لە
## ڕۆڵی دەرکەوتووی رابەرانەی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین

حەفت ساڵی رابردوو لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بە هەڵکشان و هەروابوونی کێشەو شەر لە عێراق، لبنان و ناوچەکانی فەلەستین، ماوەیەکی مێژوویی و گۆرانکاریی پڕ ژان و ژوور بووە. ئەمریکا دەبێ پشتەوانی لە هەوڵەکانی تورکیا بکات بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی گەورەتری دیپلۆماتی، ئابووری و ئاشتیپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بگێرێ. بەهەبوونی پێوەندیی باش و تۆکمە لەگەڵ یاریزانە ئەقلیمییە گەورەکاندا و مەیل و خولیای هێشتنەوەو پاراستنی ئەو پێوەندییانە، تورکیا لە پێگەیەکی دیپلۆماتیی بەجیاهەڵکەوتوودایەو دەکرێ ببێ بە



ناوبژیوانێکی سەرەکی لەنێوان لایەنە پێکناکۆکەکاندا سەبارەت بە کێشە فرە رەهەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. ئەمریکا دەبێت توانـاو کۆششە هەرێمایەتییە دیپلۆماتییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا رێکبخات بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا ببێ کە هەردوو وڵات بەشێوەیەکی بنیاتنەرانە کاردەکەن و یەکیان ئەوی دیکە سەخڵەت ناکات یان ناسڕێتەوە.

هێشتا تورکیا لایەنێکە لە کێشەو شەڕێکی هەرێمایەتی ئاڵۆزو خۆگر لەگەڵ کوردانـدا. لێرەدا ئەمریکا دیسان دەتوانێ وەکو زەوینەخۆشکەرێك بۆ هێنانەئارای پێوەندییەکی باشتر لەنێوان هاوپەیمانەکانیدا، واتە تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان خزمەت بکات. بەمدواییە، نێردەی تایبەتی تورکیا بۆ باکووری عێراق، مراد ئۆزچەلیك، لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی کۆبووەوە- ئەوە یەکەمین جارە بەرپرسانی تورکی چاویان بە بارزانی بکەوێ. ئەو دیمانەیە دەرگای بۆ هاریکاریی زێتری هەردوولا دژی پەکەکەو پرسەکانی دی وەکو هاریکاریی ئابووری کردەوە.

ئەمریکا دەبێ ئامادەبێ بۆ ئەوەی دەوری پشتگیریی بگێرێ لە هەر تەرتیباتێکدا کە لەنێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بکرێ، ئەوژی بەرەوانەکردنی ژمارەیەکی دیاریکراوی هێزەکانی خۆی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ هەرێمی کوردستان (هەڵبەت بەرەزامەندیی تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان) بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی هەر رێککەوتننامەیەك کە لەنێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا مۆر بکرێ. هەروا ئەمریکا دەبێ هانی تەکامولی ئابووریی نێوان تورکیا لەگەڵ دەرو دراوسێکانی بدا، نەخاسمە لەگەڵ ئیسرایل و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. تەرتیباتێکی نوێی بۆڕی راکێشان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئیسرایل، پشتەوانییەکی ئاست بەرزی ئەمریکای گەرەکە، ئەوە کارئاسانی بۆ تەکامولی ئابوریی تورکیا دەکات لەگەڵ دراوسێکانی و پشتبەستن بە وزەی رووسی کەمدەکاتەوە.

لەسەرووی هەمووشیەوە، ئەمریکا دەبێت بەدوای نفووزو کاراکردنی مایەی خۆتێکردنی زیاتری تورکیا بگەڕێ لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەئاراستەی ئامانجگەلی پەسندکراوی دووقۆڵیی. یەکەم و لەپێشەوەیان، هەماهەنگیی نزیکتر لەگەڵ تورکیا بکات بۆ تێوەخزانی تورکیا لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکیی سەبارەت بە ناوچەکە. ئەمریکا نابێ بۆ جێبەجێکردنی رەهەندەکانی سیاسەتی ئەمریکی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، تورکیا بکات بە کۆنتراکتەرێکی سانەوی و سادەی خۆی. بەڵکە، دەبێ ئیدارەی ئۆباما ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی کە کارێکی سەختی دیپلۆماتانە بۆ بنیاتنانەوەو توندوتۆڵکردنەوەی ئەو پێوەندییە بکا تا لەسەر بناخەی موکمتر، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش دابمەزرێتەوە. لەهەر جێیەکدا جیاوازی و ناتەبایی لە سیاسەت دا هەبوو، دەبێ بەلاوە بندرێن لەکاتێکدا لە پانتاییەکانی هاریکاری بکۆڵدرێتەوەو باسیان لێ بکرێ.

بەهۆی فرەوانکردن و قوڵکردنەوەی رایەڵکەی دوو قۆڵی و تەنسیق لەگەڵ تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، ئەمریکا دەتوانێ پەیامێکی گرنگ بۆ هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی بنێرێ سەبارەت بە دەوری زیندوو و کارای تورکیا وەکو "هەب"ێکی ناوەندی بۆ تۆڕی نێودەوڵەتیی پێوەندییەکان کە چەندین ناوچەو کیشوەری گرنگ بگرێتەوە. چاکترکردنی پێوەندیی دووقۆڵیی لەگەڵ تورکیا، دەتوانێ ئاماژەیەك بێ بۆ هاوپەیمانە سەرەکییە ئەوروپییەکانی سەبارەت پێشنیاری بە ئەندامبوونی رەسمیی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپی لە ماوەی درێژخایەندا.



## تورکیا، وزە و ناوچەی قەوقاز

تورکیا دەکەوێتە سەر سەرەرێگەی گرنگیی وزەوە. لە باکووری رۆژهەڵاتەوە، رووسیا و کۆمارە بە وزە دەوڵەمەندەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران لە قەوقازو ئاسیای ناوەراستدا، لەکاتێکدا لە بەری رۆژئاواوە، وڵاتەکانی دەریای سپی ناوەراست و ئەوروپای خودان ئابووریی برسی وزە هەڵکەوتوون. سەرکردەکانی تورکیا ددان بەمەدا دەنێن و پێوەن وڵاتەکەیان بکەنە توخمێکی بنچینەیی ژێرخانی وزەی دەرکەوتوو لە ناوچەکەدا. لەراستیدا، ئەمڕۆ تورکیا بەزوویی بووەتە قزگەو (هەب)ێکی ترانسێت و گواستنەوەی نەوت و گاز. بەیارمەتیدانی ئەوروپا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی نەوت و گاز، تورکیا ئومێدی وایە خۆی وەکو ئەندامێکی یەکێتیی ئەوروپی بباتە پێشەوە[37]. دوا گرژی و ناخۆشیی نێوان رووسیا و هاوپەیمانی ناتۆ سەبارەت بە شەڕو پێکدادان لە گورجستان، مەیل و خولیای ئەمریکا بۆ کەنارگیرکردن و وەتاقخستنەوەی ئێران، بەهەرحاڵ، پێگەی تورکیا وەکو (خاڵی جێگیربوون)ی نێوان رۆژئاواو رۆژهەڵات ئاڵۆز دەکات.

دوای دەیەها ساڵی کارلێکەکان، کە بە قورسی کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەو بارو ستاتۆی تورکیا داناوە وەکو قەڵاو "سنگ"ی داکوتراوی ناتۆ دژی یەکێتیی سۆڤیەت، پێوەندیگەلی رووسی- تورکی لە دەیەی رابردوودا گەرموگوڕییەکی بەپارێزیان وەکو دەرفەتگەلێکی ئابووری بەخۆوەدی کە زیادەیەکی بەرچاوی لە ساتوسەودای بازرگانی و وەبەرهێنان لێکەوتۆتەوە. ئێستا تورکیا 90٪ی پێداویستیی وزەی خۆی[38] لە دەرەوە دێنێ و رووسیا سەرچاوەیەکی سەرەکیی تورکیایە بۆ نەوت و گاز. ئەمڕۆ شەریکێکی هەرە گەورەی بازرگانیی تورکیا، رووسیایە[39].

هەروا هەردوو وڵات، بەبێ ناتۆ، بەشداریی لە هێزی دەریایی فرە رەگەزی دەریای رەشدا دەکەن. سەرەرای ئەوە، پشتەوانی رووسیا بۆ ئەرمەنستان و کۆماری قوبرس دژی ئازەربێجانی هاوپەیمانی تورکیا و "کۆماری تورکیی لە باکووری قوبرس" بەیەکەوە لەگەڵ ئەندامێتی بەردەوامی تورکیا لە ناتۆ و

ئەندامێتیی چاوەڕوانکراوی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپی، وایانکردووە رووسیاو تورکیا تەواو لێکدی نزیك نەبنەوە.

رووسیا هیچ دڵی بە رۆڵی تورکیا لە پرۆژەی راکێشانی بۆڕی وزە بەناو قەوقاز و ئاسیای ناوەراستدا بەبێ ئەوەی بەناو خاکی رووسیادا تێپەڕ ببێ، خۆش نییە. تورکیا زۆر بە قورسی خۆی هاویشتۆتە ناو دروستکردنی خەتێکی بۆڕی کە وڵاتە بە نەوت و بە گازی سروشتی دەوڵەمەندەکان لە رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتدا لەگەڵ تێرمیناڵی سەرەکیی جەیهان و ئەرزەروم، ببەستێتەوە. کردنەوەی بۆریە نەوتی باکۆ- تبلیس-جەیهان لە 13ی تەموزی 2006، ئازەربێجان-ی سەر دەریای قەزوین، لە رێگەی گورجستانەوە بە رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەراست دەبەستێتەوە. ئەمە یەکێکە لە بۆریە هەرە درێژەکانی جیهان کە بۆ دروستکردنی 4 بلیۆن دۆلاری تێچووە. ئێستاکە، بەندەری تورکیی شاری جەیهان رۆژانە بڕی 1 ملیۆن بەرمیل نەوتی ئازەربێجان[40] بەرێ دەکا و ساڵانە 2 بلیۆن دۆلاری وەکو (رەسم)ی ترانسێت بۆ تورکیا تێدایە[41].

لە بڕاوتێکی تردا بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە رووسیا، تورکیا رازیبووە بۆڕی تەورێز- ئەرزەروم دروست بکا کە گازی سروشتی لە ئێرانەوە (دووەم سەرچاوەی هەرەگەورەی وزە بۆ تورکیا ) بۆ تورکیا بگوازێتەوە[42]. دەسپێشکەریەکی تری گرنگی وزە، پرۆژەی تازەدەسپێکردووی بۆڕی گازی سروشتی (نابوکو)یە کە ساڵانە 30 بلیۆن مەتر سێ جا گازی سروشتی لە تورکمانستان، ئازەربێجان و ئێران دەگوازێتەوە بۆ ئەرزەروم[43]. لەوێشەوە، بۆ ئەورووپای رۆژئاوا دابەش دەکرێ. چاوەڕوان دەکرێ ساڵی داهاتوو دەست بە دانانی 3300 کیلۆمەتر بۆڕی بکرێ و لە 2011 دا تەواو بکرێ.

هەڕەشەیەك کە رووبەرووی بۆڕی نوبوکو ببێتەوە وەکو دابینکارێکی بەگەرەنتیی، ئەوەیە کە تا چەند نیگەرانی و سەخڵەتییەکانی وەبەرهێنان کەمدەکاتەوە سەبارەت بە زیندوویێتی و شیان و مایەی مانەوە و بەرگەگرتنی ئەو بۆڕییە کە تا چەند قازانجی لێ دەبیندرێ. بۆڕییە رووسیاییە مونافیسەکەی لە



بازاری یەکێتیی ئەورووپیدا، ئەو پرسیارانە دێنێتە گۆڕێ کە داخوا بۆڕی نوبوکو لە رووی داراییەوە شایانی ئەوەیە کاری تێدا بکرێ و چ سوودێکی دەبێ.

تورکیا هەرچۆنەکی بێ، ئێستا بووە بە لەمپەر لەبەرانبەر جێبەجێکردنی پرۆژەکە، چونکە لە شوباتی 2008-ەوە کاری تێدا وەستاوە. هۆیەکەی ئەوەیە: تورکیا هەڵوێستی لەسەر ئەوە وەرگرتووە کە دەبێت رێگەی پێ بدرێ گازی سروشتی لە ئازەربێجان بکرێ و پاشان بۆ خۆی بە قازانج بە ئەورووپای بفرۆشێتەوە، ئەمەش پێشێلکارییەکی سیاسەتی یەکێتیی ئەورووپییە لەمەڕ ترانسێتی وزە[44]. هەروا یەکێتیی ئەورووپی دژی ئەوەشە رێگە بە تورکیا بدرێ رسومی گواستنەوە وەربگرێ[45].

بۆ راگرتنی بەلانسێکی ناجێگیر لەنێوان هەموو شەریکەکانی وزەدا، وەڵامی تورکیا بۆ پەلاماری رووسیا بۆ سەر هەرێمە جیابووەوەکانی گورجستان، ئۆسێتای خوارو و ئەبخازیا لە ئابی 2008 خۆپارێزانە بوو. سەرەرای رایەڵکەی بازرگانیی لەگەڵ گورجستان و ستاتۆی تورکیا وەکو هێزێکی ئەقلیمی، تورکیا خۆی لەوە پاراست کە بەیاننامەیەکی رەسمیی حکوومەتیی دەربکات دژی کاروکردەکانی رووسیا لەوێ. لەبری ئەوە، سەرۆکوەزیران ئەردۆگان پێشنیاری کرد پلاتفۆرمی هاریکاریی و سەقامگیریی قەوقاز دابمەزرێ، کۆڕبەندێك بۆ وتووێژی ئەمنیی هەرێمایەتی کە رووسیا، گورجستان، ئازەربێجان و دەشێ ئەرمەنستان-یشی تێدابێ[46].

وێرای ئەوەی کە تورکیا بە ترس و گومانەوە چاو لە چالاکییەکانی رووسیا لە ئاسیای ناوەراست دەکات، ئەو لە رابردوودا کە هێزێکی "ستاتۆی ئارا" لە پرسی گەورەبوونی ناتۆدا هەبووە، رارایە لە باروبووکردنی خێرای گورجستان نەبادا رووسیا زێتر سەغڵەت و تورە بکات. ئەگەر ئەمریکا هەوڵی بدایە فشار بخاتە سەر ئەنقەرە کە هەڵوێستێکی زێتر بەرەنگارانە دژی رووسیا پەسند بکاو بگرێتەبەر، ئەوە مەترسیی وەتاقخستنەوەی تورکیا لەگێن بوو. بۆ ئیدارەی ئۆباما

باشترە وا تەماشای تورکیا بکات کە دەکارێ وەکو ناوبژیوانێکی لەگینەی هەرێمایەتی، خزمەتێکی بەنرختری ئەمریکا بکات.

شەڕی ئەمدواییە لە گورجستان نا پارێزراویی بۆڕی باکۆ- تبلیس-جەیهان-ی نیشاندا، دەق بەر لە دەسپێکردنی شەڕەکە، کۆمپانیای وزەی جیهانیی BP لەبەر ئەو پەلامارەی کە پەکەکە لەناو تورکیا کردیەسەر بۆڕییەکە، بۆڕییەکەی داخست[47]. پاشان، لە میانەی شەڕو هەرای گورجستاندا، ئەو بۆڕییە کەوتە باشووری ناوچەی شەڕەکەوە، لێ کاربەدەستانی حکوومەتی گورجستان رووسیایان بەوە تۆمەتبارکرد کە هەوڵی داوە بە هۆی هێرش و پەلاماری ئاسمانییەوە ئەو بۆڕییە بکاتە ئارمانج[48]. کەمتر لە حەفتەیەك بەر لە هەڵگیرسانی شەڕەکە، کۆمپانیای ناوبراو وەکو رێوشوێنێکی خۆپارێزانە، دوو بۆڕییەکەی تریشی گرت[49].

ئەوەی کێشەکەی خەستتر کردەوە، ئەو شەڕە، گورجستانی وەکو رایەڵکەیەکی لاوازو کز لە هەوڵوتەقەڵاکانی ئەمریکا و تورکیا نیشاندا سەبارەت بە فرەوانکردنی بۆڕی باکۆ-تبلیس-جەیهان بۆ رۆژئاوا، بۆ ئەوروپا، لە رێگەی بۆری نابوکو و رۆژهەڵات بۆ کازاخستان و تورکمانستان. (تاکە خەتە کە بە ئەرمەنستاندا دەڕوا و پێوەندییەکی خراپی لەگەڵ تورکیادا هەس). بەجەختکردنەوەی رووسیا لەسەر هژموونی خۆی بەسەر قەوقازدا، بەبێ سەرکردایەتی ئەمریکا، وێدەچێ پشتەوانی بۆ فرەوانکردنی بۆڕییەکە سنووردار بێت. ئاواتی درێژخایەنی تورکیا بۆ ئەوەی ببێ بە تێرمینال بۆ سەرچاوەکانی وزەی دەریای قەزوین، لەوانەیە ئێستا زۆر بەزەحمەت بێتە جێبەجێکردن.

جەیهان هەمدیس دواخاڵی بۆڕییە نەوتی کەرکووك-جەیهانە کە تورکیا و عێراق بە باشوور دەبەستێتەوە[50]. وەك ئەنجامێکی پشتەوانیکردنی سیاسەت و سزایەکانی ئەمریکا و یوئێن دژ بە عێراق، ئەنقەرە ئیدعای ئەوە دەکات دەوروبەری 8 بلیۆن دۆلاری لە داهاتی نەوت و زێدەبوونی نرخی وزە لەنێوان گەردەلوولی بیابان (1991) و غەزووی ئەمریکا لە 2003دا، زەرەرکردووە[51]. لە 2003-ەوە، بەهەرحاڵ، حکومەتی عێراقی لەپێشەوە موسادەقەی لەسەر سێ



دەرزن کۆمپانیا کردووە، لەوانە کۆمپانیای نەوتی تورکی TPAO بۆ وەرگرتنی سەفەقەی پەرەپێدانی نەوت و گاز.

لە پێڤاژۆی ئەم دینامیکیاتەی وزەی هەرێمایەتی، تورکیا وتووێژێکی لەپێشتری لەگەڵ عێراقدا هەبووە، کە خەڵکی تر نەیانبووە: بۆڕی هەناردنی نەوت (600 میل، 4 ئینچ)ی کەرکووك-جەیهان کە رۆژانە توانای پەمپدانی ملیۆنێك و 600 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە. کەواتە توانای ئێستا و ئەو خواروو ژوورەی کە هەیە، بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ ئەو ئەگەرە دەگەڕێتەوە کە بەرهەمی گشتی لە عێراق بکەوێتەبەر هێرش و پەلاماری دووبارەو چەندبارەوە کە هەناردنی نەوت لە رێگەی ئەم بۆرییەوە رادەگرێ[52]. توانای ئێستا تەنیا 600 هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا[53]. حاڵی حازر، بەرهەمهێنانی عێراقی لە 2 ملیۆن و نیو بەرمیل لە رۆژێکدا راوەستاوە، ئەمەش وا دەکات تورکیا ببێ بە رێگەیەك بۆ هەناردنە دەرەوەی زۆربەی نەوتەکە[54]. ئێستا عێراق رۆژانە 250000-300000 بەرمیل بۆ بەندەری جەیهان دەنێرێ، کە بۆ ماوەیەکی کورت، رۆژانە 500000 بەرمیل بوو.

ئەو بۆڕییە تا رادەیەکی زۆر لەبەر هێرش و پەلاماری یاخیگەران و قاچاخچێتی پەکی کەوتووە، لێ دەستی کردەوە بە زێدەبوونی "ئاوت پوت"ی خۆی دوای دەسپێشکەرییەکی نوێی ئەمنیی کە لە ئاخروئۆخری 2007 دەستی دراوەتێ[55]. سەباری ئەوەش، رێککەوتننامەی "تەکامولی ستراتیجی و ئابووری" نێوان تورکیا و عێراق زیادەیەك بەخۆوە دەبینێ لە 800000 بەرمیل نەوت رۆژانەوە بۆ 1 ملیۆن بەرمیل کە بەهۆی ئەم بۆڕییەوە بێت[56].

کۆمپانیای نەوتی تورکی داوای کردووە لەنێوان 2007-2012، 87 بلیۆن دۆلار لە بواری پیشەسازیی نەوتیی تورکیا بەگەڕبخرێ[57]، واتە دەریای رەش وەکو رێگەیەکی تری بەردەست بۆ سەربەخۆیی وەدەستهێنان لە بواری وزەدا، بەکار بهێنرێ. هەنوکە گەڕان بەدوای نەوتی دەریای رەش دەستی پێکردووە و نزیکەی 500 ملیۆن دۆلار لە هەڵکۆڵین خەرجکراوە. مەزەندە دەکرێ نەوتی دەریای رەش، 1 بلیۆن بەرمیل نەوت ببێ کە نیوەی پێداویستییەکانی نەوتی تورکیا لە 2015 پڕ دەکاتەوە و لە 2023 تورکیا لە رووی وزەوە پشت بەخۆی ببەستێ[58].

کۆمپانیای نەوتی تورکی تەنیا 90000 بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرهەمدێنیٚ، تورکیا بۆ خۆی رۆژانە 600000 بەرمیل نەوت سەرف دەکا[59]. نەوتی دەریای رەش دەشیٚ ئەو گرفتە لەسەر شانی تورکیا سووك بکات، لەکاتێکدا تورکیا ترسی لەوە هەیە لە داهاتووش هەر پشت بە دەرودراوسێکانی ببەستیٚ، ئەو ماوە کاتەکییە، هەرچۆنیٚ بیٚ، وەکو بەردەوامبوونێکی ستاتۆی ئارا سەیر دەکریٚ، لەکاتێکدا تورکیا پێوەیە پێوەندییە گازییەکانی خۆی لەگەڵ ئێراندا بقۆزێتەوە، گەڕان بەشێوەی هاوبەش بەدوای نەوت و تەنانەت سەرکێشیی نەوەوی لەگەڵ سوریا لەوانەیە ببیٚ بە ئەگەرێکی بەجیاهەڵکەوتوو.

سوریاو تورکیا ئێستاکە رایانگەیاندووە کە پلان بۆ پێکەوەنانی کۆمپانیای هاوبەش دادەنێن، هاریکاریی نەوەوییش بەرەنجامێکی لەگینەی ئەم رێگە گیراوەبەرەیە[60]. ئەو پەرەسەندانە وێدەچیٚ بەرەو ژوور هەڵبکشێن، ئەو پێوەندییە شەکەت و بارگرانەی نێوان تورکیا و ئەمریکا وەکو تورکیا سەیری دەکا بۆ بەردەوامیی نەشونمای ئابووری و پێداویستیی پڕبایەخی وزە دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەمریکا دەیەویٚ نفووزی ئێرانی و سووری لە ناوچەکە دوورخاتەوەو کۆتوبەند بخاتە سەر بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆجیای نەوەوی بۆ سوریا.

ئیداری ئۆباما پێویستە یاریدەی تورکیا بدا کە گوڕوتینی تێدا بگەڕێتەوە وەکو سەرەڕێی وزە بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە پەرەپێبدات. پێگەو هەڵکەوتی تورکیا وایکردووە پاڵێوراوێکی سەرەکی بێت بۆ گواستنەوەی وزە لە قەوقازو ئاسیای ناوەراستەوە بەبیٚ ئەوەی بە ئێران و رووسیادا تێپەڕببیٚ، چونکە هەردووکیان، واتە رووسیاو ئێران، لەوانەیە پلان بگێڕن بۆ کۆنترۆڵکردنی رێگەی دابینکردنی وزە، بگێڕن. چونکە تورکیا هەم بۆ ئەوروپا و هەم بۆ ئەمریکا زۆر سەرڕاستتر و دۆستانەترە. کەواتە دەبێت ئەمریکا هانی تورکیا بدات کە وەکو کەناڵ و رێرەوێکی وزە لەسەر خۆپێشخستنی خۆی، بەردەوام ببیٚ.



## تورکیا و ئەرمەنستان

کێشەو ئاریشەی بەردەوامی نێوان تورکیا و ئەرمەنستان کە داخوا کۆمەڵکوژی ئەرمەنییان لە لایەن تورکە عوسمانلییەکانەوە لە میانەی شەڕی یەکەمی جیهاندا چۆن ریزبەندی دەکریٚ، وەکو پرسێکی هاکا تەقیەوە لەئارادایە کە وێدەچیٚ ئیدارەی نوێی ئۆباما هیچ رێگەچارەیەکی لەبەردەمدا نەبیٚ، بیٚ لە بەدواداچوون و دیراسەکردن. سەرۆك ئۆباما لەگەڵ کۆنگرێس، دەکاریٚ رۆڵێکی یەکلاکەرەوە ببینیٚ و کارێکی ئەوتۆش بکات بۆ دڵنیابوون کە کۆنگرێس هیچ کارێکی ئایندەیی سەبارەت بەو رووداوە مێژووییانە نەکا کە پێوەندییەکانی ئێستای تورکیا- ئەمریکا بنکۆڵ بکات. لەکاتێکدا هەر سکاڵاو ستەمێکی قووڵ لە هەردوو لادا وا دەکات ئاشتەواییکردن زەحمەت ببیٚ..

ئێستا خەڵکێکی کەم نکوڵی لەوە دەکەن کە سەدان هەزار ئەرمەنی لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهاندا، بەکۆمەڵ کوژراون. ئەرمەنستان پیلەکەی ئەوە دەکاو مکوڕە لەسەر ئەوەی کە تورکیا جینۆسایدی کردووە و ملیۆن و نیوێکی ئەرمەنی لەنێوان 1915-1916دا کوشتووە[61]. تورکیا، لەلایەکەی ترەوە، ئەوە دەخاتەڕوو ئەو کوشتوکوشتارە کاتێکی کە ئیمپراتۆریای عوسمانلی هەرەسی هێناوە، لە ئاکامی شەڕوشۆڕێکی بەربڵاو و نیشتەجێکردنەوەی بەزۆر کەوتوونەتەوە، نەك ئەنجامی شاڵاوێکی جینۆسایدی هەماهەنگ بۆکراو بووە[62]. کاربەدەستانی تورکی پێیانوایە ئەوانەی مردوون نزیکەی 300000 کەسێك دەبوون[63]. زۆرکەس لە تورکیا دیسانەکینیٚ بەڵگەی ئەوە دێننەوە کە ئەودەمە بە سەدان هەزار تورك-یش لەو دەڤەرە لەناوچوون[64]. بەمدواییە ئەو پیلەکەیە، هەڵم و هێڵێکی لە ئەمریکا خڕکردەوەو هێنا و برد، ژ بەر ڤیٚ چەندیٚ کە کۆمیونیتەی ئەرمەنییان و گروپگەلێکی دن کاربەدەستانی ئەمریکییان بەئاقاری دانان بە جینۆسایدی ئەرمەنییان پاڵدا. لەکاتێکدا زێتر لە 20 وڵات و پەرلەمانی ئەوروپی ئەو کوشتارەیان بە "جینۆساید" ناوزەدکردووە، کەچی ئەمریکا و بەریتانیا و ئیسرایل لەنێو ئەو وڵاتانەدان کە "تێرمینۆلۆجی"یەکی جیایان بۆ وەسفکردنی رووداوەکانی ئەودەمەی تورکیا بەکارهێناوە[65].

لە 10ی ئوکتۆبەری 2007دا، کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سەر بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، بە 27 دەنگ بەرامبەر 21 دەنگ، بڕیاری ژمارە 106 ی سەبارەت بە "جەختکردنەوەی تۆماری ئەمریکا لەسەر بڕیاری جینۆسایدی ئەرمەنییان"، پەسندکرد بۆ ئەوەی ئەم پرۆژە بڕیارە لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا بخرێتە دەنگدانەوە. بڕیارەکە لەدەسپێکدا 225 دەنگی پێناوی لە ئەنجوومەندا بەدیهێنا، کە بەس بوو بۆ تیپەڕاندنی بڕیارەکە. لێ سەرۆکی ئەنجوومەن نانسی پیلۆسی، کە بۆ خۆی لایەنگری پرۆژە بڕیارەکە بوو، لە دەسپێکدا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەو زوو و بلەز پرۆژە بڕیارەکە دەخاتە دەنگدانەوە.

کۆشکی سپی و حکوومەتی تورکی، هەرچۆنێ بێ، بەراشکاوانە کەوتنە دژایەتیکردنی ئەو قانوونە حەساسە. لە داخویانیەکدا، سەرۆك بۆش گوتی "کۆنگرێس لە جیاتی دژایەتیکردنی هاوپەیمانێکی دیموکرات لە جیهانی موسڵمانەتیدا، کاری زۆر گرنگتری هەیە کە بیکا، بەتایبەتی بۆ وڵاتێ کە ڕۆژانە پشتەوانی و لاگیریی زیندوو پێشکەش بە سوپای ئێمە بکات"[66].

لەتەك ئەوەدا، هەشت وەزیری دەرەوەی پێشوو، نامەیەکیان نووسی و تیایدا هۆشداریان دا کە ئەو یاسایە "بەرژەوەندە ئەمنییە نیشتمانییەکانی ئێمە" دەخاتە مەترسییەوە و لە نامەیەکی تردا، سێ وەزیری پێشووی بەرگری هۆشداری ئەوەیان دا کە تورکیا لەوانەیە لە وەڵامی ئەو بڕیارەدا، کۆت و بەند بخاتە سەر بنکە ئاسمانییەکان بۆ ئۆپەراسیۆنی عێراق"[67].

لەلایەنی خۆیەوە، تورکیا باڵیۆزی خۆی لە ئەمریکا لەبەر ئەو بڕیارە کێشایەوە و شالاوێکی 300000$ بۆ لۆبیکردن دژی ئەو بڕیارە خستەگەڕ[68]. جەنەراڵی هەرە باڵای تورکیا (سەرۆکی ئەرکانی سوپا)، یەشار بویوکانیت، بە ڕۆژنامەکانی تورکیای ڕاگەیاند ئەگەر ئەمریکا ئەو بڕیارە پەسند بکات "پێوەندیی سوپایی ئێمە لەگەڵ ئەمریکادا وەکو خۆی نامێنێتەوە"[69].

بەلەبەرچاوگرتنی ریسك و مەترسی ئۆپەراسیۆن لە عێراق، "پێناوەکان"ی ئەو پرۆژەیە وازیان لەو بڕیارە هێنا. پەرلەمەنتاری ئەمریکی جۆن مارتا (D-PA)



هاوپەیمانیی سەرەکی پیلۆسی، لەبەر ئاکام و شوێنەواری سوپایی، لەنێو ئەو کەسانەدا بوو کە دژی ئەو پرۆژەیە قسەی کرد. لە 25ی ئوکتۆبەری 2007دا، چوار "پێناو"ی سەرەکی ئەو پرۆژە یاسایە دانیان بە شکستی خۆیان ناو لە نامەیەکدا بۆ پیلۆسی گوتیان "ئێمە بڕوامان وایە کە زۆرینەیەکی گەورەی هەڤاڵانمان دەیانەوێ پشتەوانی لە بڕیارێك بکەن کە دان بە جینۆسایدی ئەرمەنییان دابنێ، بەڵام ئەوان ئەوە دەکەن بەمەرجێ کاتەکەی لەبارو گونجاوتر بێ"[70].

لەو دەمەوە تا ئێستا، هیچ کارێکی تر لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە نەکراوە، هەرچەندە لە ناوەراستی حوزەیرانی 2008دا، سیناتۆر باربارا بۆکسەر (D-CA) مۆڵەتی یەك مانگی دا بە بەربژێری سەرۆك بۆش بۆ پۆستی سەفیری لە ئەرمەنستان لەسەر ئەو بنچینەیەی کە کاندیدکراو، ماری یۆڤانۆفیچ، ڕەتیکردبۆوە ئەو ڕەوشەی لە ئەرمینیا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهان هاتبووە ئارا، بە جینۆساید ناو ببا[71].

بەمدواییە، هەرچۆن بێ، تورکیا و ئەرمەنستان، حەزو ئارەزووی خۆیان نیشانداوە کە بەیەکەوە بۆ کۆتاییهێنان بەو بەرەنگارییە کاربکەن، دەراو و دەلیڤەیەکیان بۆ پێشکەوتن خستۆتەروو. لە سەرەتای تەموزی 2008دا، کاربەدەستانی تورکیا و ئەرمەنستان چەند کۆبوونەوەیەکی نهێنیان کردووە لە سویسرا بەئامانجی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان و کردنەوەی سنوور لەنێوان هەردوو وڵاتدا[72]. لە سەرەتای ئەیلوولی 2008دا، سەرۆکی ئەرمەنستان، سەرژ سەرکیسیان، بەئاشکرا داوەتی سەرۆك گویل-ی کرد کە ئامادەی ئەو "کێبەرکێ"یە ببێ کە لەنێوان تیپی تۆپی پێی هەردوو وڵاتدا لە خولی خۆسازدان بۆ "کاس"ی 2010ی جیهانی، بەڕێوەدەچوو.

سەردانی سەرۆك گویل، چەندین کۆبوونەوەی تری لە پەراوێزی کۆبوونەوەی 64ەمینی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك لە کۆتایی ئەیلوولی 2008دا، بەدواداهات. لەهەمانکاتدا، ئەرمەنستان لە بەرەنگاری خۆی هاتە خوارێ کە بانکی ئەورووپی بۆ ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان لە تورکیا

وەبەرهێنان بکا[73]. لەمیانەی وتاری خۆیدا لە کۆمەڵەی گشتی، سەرۆك سەرکیسیان گوتی :"کاتێ ئەوە هاتووە کێشەو ئاریشەی نێوان تورکیا-ئەرمەنستان چارەسەر بکرێ" و سەرۆك گویل-ی گەشبینیی خۆی ئاوا نیشاندا کە دیماهییەکەی چار نییە پێوەندییەکانی هەردوولا ئاسایی دەبنەوە[74]. وەزیرانی دەرەوەی تورکیا، ئەرمەنستان و ئازەربێجان کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵییان بۆ وتووێژکردن سەبارەت پێوەندییەکانی هەر سێ وڵات کرد و زەوینەیان بۆ قۆناخی وتووێژ لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی خۆشکرد[75]. سەرۆکی تورکیاش گوتی ئەگەری ئەوە هەیە سنووری نێوان هەردوو وڵات بکرێتەوە، ئەگەر ئاریشەو گرفتی نێوان هەردوو وڵات چارەسەر بن[76].

زەوینەخۆشکردنی دووقۆڵیی دەسپێکێکی گرنگە بۆ چاکردنەوەی پێوەندییەکان. لێ کۆڕبەندی هەرێمایەتی و پشتەوانی چەندلایەنە بۆ چاکردنی رایەڵکەو پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەرمەنستان دیسانەکێنێ دەوری خۆیان هەیە لە دڵنیابوونەوە لە بەیەکەوەسازانێکی سەرکەوتووی درێژخایەن. تورکیا پێشنیاری کرد کە پلاتفۆرمی هاریکاری و جێگیریی ناوچەیی قەوقاز دروست ببێ وەکو کۆڕبەندێك بۆ دیراسەکردنی پێوەندیی ناخۆش و ساردو سڕی نێوان تورکیا-ئەرمەنستان، ئازەربیجان-ئەرمەنستان، رووسیا- گورجستان[77]. لە سەرەتای ئۆکتۆبەری 2008دا، کۆمیسیۆنەری ئەورووپی بۆ بەرفرەبوون جەختی لە شیان و توانای تورکیا کردەوە وەکو هێزێك بۆ سەقامگیری لە ناوچەکەدا و وەکو پارێزەرو دابینکەری ئەمنیەتی وزە بۆ ئەورووپا. هەروا دیسان رۆڵی تورکیای نیشاندا وەکو ناوبژیوان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و هەڵوێستی ئێستاکەی لەراست ئەرمەنستان[78]. ئەمریکا پێویستە پشتەوانی لەو هەوڵدانەی تورکیا بۆ هێنانەدی سەقامگیریی لە ناوچەکەدا بکات.

لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لە تورکەکان، باراك ئۆبامایان لە جۆن ماکین لە هەڵبژاردنی نۆڤامبەری 2008دا پێ باشتربوو[79]، نیگەرانییەکی قووڵ لە تورکیا



هەیە سەبارەت بە پێشنیاری بڕیارێکی نوێی جینۆساید کە لە کۆنگرێسی ئەمریکی باس بکرێ و ئیدارەی ئۆباماش لەوانەیە پشتگیریی لێ بکا. گەلێك کاربەدەستی تورکی و شرۆڤەوانان بڕوایان وایە کە ژیاندنەوەی بڕیارێکی وا، زۆر زیان لە پێوەندییەکانی ئەمریکا- تورکیا دەدا تا ئایندەیەکی بینراو، لێکنزیکبوونەوەی تورکیا- ئەرمەنستان-یش تووشی شکستی حەتمی دەکات. سەرباری ئەوەش، بڕیارێکی وا لەو کاتوساتەدا شیان و ئیمکانی ئەوەی تێدا دەبێ کە وتوێژی سێ قۆڵیی نێوان تورکیا- ئەرمەنستان و ئازەربێجان سەبارەت بە ناوچەی ئاریشە لەسەری ناگۆرنۆ-قەرەباخ و پرسە پێکناکۆکەکان، تێکبدات.

هەقە ئیدارەی ئۆباما لە کاتێکدا کە تورکیا و ئەرمەنستان بەیەکەوە کار بۆ ئاشتبوونەوە دەکەن، لەم مژارەدا داوا لە کۆنگرێس بکات کە هیچ کارێکی وا نەکات. سەبارەت هەستی ئەرمەنییەکان کە داخوا لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهاندا چ قەوماوە، بەمدواییە وەزیری دەرەوەی ئەرمەنستان، ئەدوارد نالبەندیان تێبینی ئەوەی دا کە تیشك خستنەسەر ئەم پرسە گرژی نێوان ئەرمەنستان و تورکیا خاوناکاتەوە. هەروا جەختی لەسەر پێویستیی پێوەندیی دۆستانەی نێوان هە ردوو وڵات کردەوە[80]. سەرکردەکانی تورکیا و ئەرمەنستان ریسکگەلێکی سیاسیی سەرەکی دەکەن بە کردنەوەی ئەگەری پێوەندیی دیپلۆماتیی لەنێوان هەردوو وڵاتدا. ئەوان شایەنی پشتەوانی ئەمریکی و ئەورووپین لەو هەوڵەیاندا بۆ بزووتن بەرەو پێوەندییەکی نوێ کە بە دەرفەت و هەلی هاوبەش پێناسە بکرێ لەجیاتی رابردووی بەژان و ژوور.

## تورکیا و ئەوروپا

هەر زوو لەدەسپێکی سەدەی 19ەم و لە دامەزرانی کۆماری نوێی تورکیــاوە، دەستەبژێری حوکمڕانی تورکیا لەبــەر هــۆی ســتراتیجی، ئــابووری و کولتــووری، متــووی ڕۆژئــاوا بــووە[81]. لەکاتێکــدا تورکیــا بــۆ مــاوەی نیــو ســەدە زێــتر هاوپەیمانێکی کارا بووە لــە کاروبــاری ئــەمنیی ئەوروپییــدا، خواســت و ویــستی تورکیــا بــۆ بوونــە ئەنــدامێکی تــەواو لــە یانــەی ئەوروپییــدا لــە ململانەیــەکی بەردەوامدایە، کە ئاکامەکەی دیار و ڕوون نییە. پرسـگەلی گەرماوگــەرمی وەك پێوەندییــەکانی تورکیــا بــە دراوســێیە ئەوروپییــەکانیان، نەبــەرد و ململانــە ناوخۆییــەکان کــە پــارتی دادو گەشــەپێدانی حوکمڕانیــان خــستۆتە بــەرەی دژی دەستەی دادوەریی تورکیا، نیگەرانییەکانی ئــەوروپی ســەبارەت بــە لــەخۆگرتنی گــەورەترین وڵاتــی موســڵمان هــەموویان ســەرلەبەر بوونەتــە تەگــەرە لەبــەردەم تەڤلیبوونی تورکیا بۆ ناو یەکێتیی ئەوروپی.

لەکاتێکدا کە داخوا تورکیا دەبێتە ئەندامێکی یەکێتیی ئــەوروپی یــان نــا، ئەوا دیماهی هەر دەوڵەتانی ئەندام لەو یەکێتییــەن کــە بڕیــاری لێ دەدەن، بــەڵام ئیدارەی دادێی ئەمریکا پێویستە ڕۆڵێکی ناوبژیکارانە بگێڕێ و تــەبای ئیــدارەی پێشوو، مەسەلەکان پاڵ پێوە بنــێ بــە ئاقــاری تــەڤلیبوونی تورکیــا. بەگــشتی، بەقازانجی بەرژەوەندیی کورتخایەن و درێژخایەنی ئەمریکایە، کە تورکیا رایەڵکــەو پێوەندیی باش و پتەوی لەگەڵ ئەوروپادا هەبێ، هەروا لەرێگەی ئەنــدامێتیی لــە یەکێتیی ئەوروپییەوە لەگەڵ بــاقی ڕۆژئــاوا، هــەروا بــۆ ئــەمریکاش کــە وەکــو داکۆکیکارێکی کێشەو دۆزی تورکیا چاوی لێ بکرێ. سەرباری ئــەوەش، دەبێــت ئەمریکا کاربکات بۆ دابینکردن و هاتنەکایــەی رایەڵکــەی بــەهێزی دووقــۆڵیی نێوان تورکیا و ئەمریکا، هەروا وەکو هاریکــارێکی نزیکیــی ئــەوروپی- تــورکی بمێنێتــەوە تەنانــەت ئەگــەر وتووێــژی تــەڤلیبوونیش لەچــەند مــانگ و ســاڵی داهاتوودا، بەلادا بێت و ساتمە بکات.



### خەبات بۆ بەئەندامبوون لە یەکێتیی ئەوروپی

لە چەند ساڵی رابــردوودا، تورکیــا بــەهۆی بەرەوپێــشڤەنەچوونی تــەڤلیبوون بەئاراستەی یەکێتیی ئەوروپی، وەڕسبوونێکی بەرەو سەر هەڵکشاوی پێوەدیــارە. هەڵبژاردنی 2002ی ئاق پارتی، کە هەرێ و بەڵێنی ریفۆرمگەلی پێویستی دابوو بۆ ئەوەی تورکیا سەرکەوتوو بێــت لــە بەجێگەیانــدنی راســپاردەکانی یــەکێتیی ئەوروپی، وێدەچێ ئاماژەیەکی بــەهێز بێــت کــە دەبێــت ڕێــچکەی ئەنــدامێتیی راستەڕێ و سادەو بێ گرێوگۆڵ بێت. بەهەرحاڵ، ڕێگەی تەڤلیبوون، کــەمتر نــەك زۆرتر روون و خویایە.

هەوەڵجار تورکیا داوای کــرد وەکــو ئەنــدامێکی یاریــدەر لــە کۆمیونیتــەی ئابووریی ئەوروپی EEC لە 1959 وەربگیرێ. لە ساڵی 1963 ئەو ئەندامەتییەی وەرگرت[82]. لە 1987، تورکیا بەرەسمی داوایکرد ببێتە ئەندام لــە کۆمیونیتــەی ئەوروپی EC، کە یەکێ لەو سێ کۆڵەگانەیە یەکێتیی ئەوروپییان EU بــەگوێرەی پەیماننامەی ماسترێخت پێکهێنــاوە، لــە 1995دا تورکیــا چــووە نــاو یــەکێتیی گومرکیی یەکێتیی ئەوروپییەوە. لە 1999، کۆمیسیۆنی ئەوروپی قامکی بۆ ئەوە راکێشا کە دەکرێ وتووێــژ بــۆ ئەندامــەتی تــەواوی تورکیــا دەســت پــێ بکــرێ بەمەرجێ تورکیا "پێوەرەکانی کۆپنهاگن" پێڕەو **بکات کە دەخوازن:**

- دامودەزگای جێگیر هەبێ کە دیموکراسی، حوکمی قــانوون، مافــەکانی مــرۆڤ، ڕێزگرتن و پاراستنی کەمینەکان دەستەبەر بکەن.
- ئابوورییەکی کــارای بــازاڕ، هــەروا توانــاو شــیانی خۆگونجــان لەگــەڵ فــشارو پاڵەپەستۆی کێبەرکێ و هێزەکانی بازار لەناو یەکێتیی ئەوروپیدا.
- توانای شیانی هەڵگرتنی پابەندبوونەکانی ئەندامەتی، نــەمازە دەســتگرتن بــە ئامانج ومەبەستگەلی سیاسی، ئابووریی و دراویی یەکێتیی[83].

وتووێژی رەسمیی لەنێوان تورکیا و یەکێتیی ئەوروپی بــۆ ئەندامــەتیی تــەواو، 6 ساڵ دواتر دەستی پێکرد[84]. بگرە راستەوخۆ هەر دوای ئەوەی کە وتووێژی رەســمیی لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکرد، نیگەرانییەکانی ئــەوروپی ســەبارەت بــە ئاقــارو

مەودای چەند پرس و دۆزێك، کۆسپیان خستە بەردەم بەرەوپێشچوونی ئەو وتووێژانە. دەنگدانی فەرەنسایی و ئەڵمانەکان دژی دەستووری ئەوروپی لە 2005دا، بۆ نموونە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نیگەرانیی ئەو وڵاتانە لە ئەندامەتیی لەگینەی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپی[85]. وڵاتەکانی تری ئەوروپی دیسانەکینێ شك و گومانێکی قووڵیان لەهەمبەر دانایی ڕێگەدان بە تورکیا بۆ هاتنەناو ئەو یەکێتییە، دەربڕیوە.

دڕدۆنگیی ئەوروپی جەختکردنەوەیەکی چەند بارەیە کە رەخنەو نارەزایی ئەوان لەسەر بنەمای نیگەرانیی سیاسی و ئابووری هەڵچنراوە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە "شەراکەتێکی بەجیاهەڵکەوتوو"، نەك ئەندامەتی تەواو لە یەکێتیی ئەوروپی بۆ تورکیا گونجاو و لەبارترە[86]. لەکاتێکدا ئەڵمانیا، بۆ نموونە، بەشێوەیەکی رەسمیی خۆی بە پشتەوانیکارێکی هەوڵ و تەقەلا بۆ تەڤلیبوونی تورکیا دەردەبڕێ، بەڵام راوێژکاری ئەڵمانی، ئەنجێلا مەرکل یەکێکە لە سەرکردە ئەوروپییەکان کە پێیوایە لەجیاتی ئەوەی تورکیا وەکو ئەندامێکی تەواوی یەکێتیی ئەوروپی چاوی لێ بکرێ پێویستە ستاتۆو بارێکی تایبەتی لەچوارچێوەی ئەوروپادا هەبێ. رای گشتیی یەکێتیی ئەوروپی تا رادەیەکی زۆر لە تورکیا بەگومان و دڕدۆنگن (سەیری ئەو خشتەیە بکە).

**هاووڵاتیانی یەکێتیی ئەوروپی بەزۆری دژی ئەوەن تورکیا ببێتە ئەندام**

| ناوی وڵات | ڕێژەی سەدەی نارازیبوون |
|---|---|
| نەمسا | 81٪ |
| ئەڵمانیا | 69٪ |
| لۆکسمبۆرگ | 69٪ |
| کۆماری قوبرس | 68٪ |
| یۆنان | 67٪ |
| کۆماری چیك | 61٪ |
| بەلجیکا | 55٪ |
| فنلندا | 55٪ |
| فەرەنسا | 54٪ |
| ئیستونیا | 49٪ |
| ئیتالیا | 49٪ |
| لاتڤیا | 47٪ |
| هەنگاریا | 46٪ |
| دانیمارك | 44٪ |
| لیتوانیا | 42٪ |
| هۆلەندا | 42٪ |
| سلۆڤینیا | 41٪ |
| بەریتانیا | 39٪ |
| سوید | 33٪ |
| ئیرلەندا | 32٪ |
| مالتا | 31٪ |
| پۆلەندا | 31٪ |
| پورتوگال | 3٪ |
| کرواتیا | 28٪ |
| بولگاریا | 26٪ |
| ئیسپانیا | 23٪ |
| تورکیا | 22٪ |
| قوبرس (ئەو پانتاییەی کە کۆماری قوبرس کۆنترۆڵی لەسەر نییە) | 15٪ |
| رۆمانیا | 7٪ |

گەلێك لە دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپی پیلەکە دەکەن و بەڵگە دێننەوە کە پراکتیکی دیموکراتیی تورکی، تەواو نییە و ئاماژە بۆ کۆت و بەندی ناماقولی سەر ئازادیی رادەربڕین و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە بەندیخانەو پۆلیسخانەکانی تورکیادا دەکەن[87]. هەروا برۆکسل ئاماژە بۆ رۆڵی دەخالەتکارانەی سوپا و دادگاکان دەکات لە سیستەمی سیاسیی تورکیا و کێسی داواکاریی گشتی دژی حزبی حوکمڕان بەتۆمەتی پێشێلکردنی قانوونگەلی عەلمانی بە بەڵگەیەکی بنبڕ دادەنێت، هەروابێتەوە کۆمافی سنوورداری کولتووریی کە کوردەکانی تورکیا لەچوارچێوەی تورکیادا پێی گەیشتوون.

سەرباری ئەوەش، تورکیا بەشێوەیەکی سەرەکی وڵاتێکی دێهاتییە کە خاوەن هێزێکی لەباری کڕین بێت و داهاتی مەزەندەکراوی ساڵانەی تاکەکەس GDP لە 27 129$ بێت کە لە نیوەی تێکرای وڵاتانی ئەوروپی بەگشتی کەمترە کە 32300 $ بووە[88]. ئەم جیاوازییە ئابورییە، هاوشانی دانیشتوانی زۆرو روو لەزیادەی تورکیا ترس و بیمێکی دروستکردووە ئەگەر رێگە بە تورکیا درا بێتەناو یەکێتیی ئەوروپییەوە، ئەوا خەڵکی تورکیا بەشەپۆلی گەورە-گەورە کۆچ بۆ وڵاتانی ئێستای ئەوروپی بکەن[89].

پاشان کێشەی لەئارادای قوبرس بووەتە کۆسپی سەرەکی سەر رێگەی پرۆسەی بەئەندامبوون[90]. سوپای تورکیا لەوەتەی پێش 34 ساڵ غەزووی قوبرسی کردووە، بوونێکی بەهێزی لە قوبرس هەیە، وەکو وەڵامدانەوەیەکی ئەو کودەتایەی کە یۆنان بەتەمابوو لە دورگەکە ئەنجامی بدات. دامەزراندنی "کۆماری تورکیی باکووری قوبرس" یان TRNC لە 1993دا، کە تەنیا دەوڵەتی تورکیا ددانی پێداناوە، تەگەرەی خستۆتە سەر رێگای هەوڵوکۆششی دیپلۆماتی بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو کۆمارە تورکی و یۆنانییەکە[91]. تا ئێستا زیاتر لە 30000 سەربازی تورکی ئەمنیەتی TRNC دەپارێزن و هێزە ئاشتیپارێزەکانی یوئێن-یش، ناوچەیەکی دابڕیان بەدەستەوەیە لەنێوان هەردوو بەری تورکی و یۆنانیی دورگەکە[92].



بەهەرحاڵ، لەم چەند ساڵەی دواییدا پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و یۆنان، تا رادەیەکی زۆر دوای کۆمەك بەیەکترکردن لە بومەلەرزەکەی ساڵی 1997 کە تورکیا و یۆنان-ی گرتەوە و هەڵبژاردنی ئاق پارتی کە تێدەگات چارەسەرکردنی پرس و دۆزی قوبرس بۆ بەئەندامبوونی ئایندەی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپی پێویستە، هەندێك باشتربوون. تا ئێستا گرژی لەنێوان هەردوو وڵاتدا سەبارەت بە ستاتۆی ئایندەی دورگەکە (قوبرس) لە ئاستێکی بەرزدایە[93].

لەو 35 فەسڵەی قانوونی کەڵەکەبووی یەکێتیی ئەوروپی[94]، کە تورکیا دەبێ بۆ تەواوکردنی پرۆسەی بەئەندامبوون جێبەجێیان بکات، تورکیا تەنیا فەسڵی زانست و تۆژینەوەی جێبەجێ کردووە[95]. بەهەموو مەزەندان وێناچێ تورکیا تا 2015 ببتە ئەندامێکی تەواو لە یەکێتیی ئەوروپی.

## روانگەی تورکیا

زۆر کەس لە تورکیا هەستدەکەن کە وڵاتەکەیان هەم لە ئاستی ناوەخۆو هەم لە قوڵی سیاسەتی دەرەکی پابەندی دەبل ستانداردە، ئایدیای "شەریکایەتیی بەجیاهەڵکەوتوو- کە لە زۆر بواردا ئێستا هەیە- تا رادەیەك بەسوکایەتی بۆ تورکیا دادەنێن. سەرۆکوەزیران ئەردۆگان بەراشکاوانە ئایدیای شەراکەتی بەجیاهەڵکەوتوو ناوازەی لەبری ئەندامەتیی تەواو لە یەکێتیی ئەوروپی، رەتکردەوە[96].

لەوەتەی ئاق پارتی هاتۆتە سەرکار، بۆ ئەوەی لە یەکێتیی ئەوروپی نزیکتر بێتەوە، زنجیرەیەك ریفۆرمی کردووە. لەدەسپێکدا، لەبەر هەوڵوکۆششەکانی ئاق پارتی کە دابینکردنی ئازادییە فەردییەکان، نەهێشتنی سزای لەسێدارەدان، خوێندن و فێربوون و پەخشکردن بە زمانی کەمینەکان، و پێکهێنانەوەی دەسەڵاتی دادوەری، کە شەفافیەتی باشتر لە ئیدارەی گشتی دەستەبەر دەکات، لێکەوتەوە، بەشان و باڵی ئاق پارتی هەڵدرا[97]. سەرباری ئەوەش، ئاق پارتی بەهۆی هەوڵوکۆششی بنەرەتییانەی خۆی، پێیکراوە ئەو پێشکەوتنە لەو

پانتاییانەدا بکات کە پێوەندییان بە سەروبەری تەندروستیی، خانووبەرەدروستکردن، خۆراك دابەشکردنەوە هەیە[98].

هەروا ئەم حزبە حوکمڕانە نوێیە دوای تەنگوچەلەمەکەی ساڵی 2001ی ئابووری، ئابووریی تورکیای خستەوە سەر بارێکی راست[99]. ئابووریی تورکیا ساڵانە بە تێکرای 7٪ نەشونمای کردووە، بەکاربردنی ناوخۆیی لەبەر رێژەی نزمی سوودو کەمبوونەوەی هەڵئاوسان، هەڵکشا و تێکرای داهاتی تاکەکەس نزیکەی دووقات زیادی کردووە[100]. ئابووریی تورکیا و ئاراستەکانی دیموگرافیی هێزی کار لەناو ئەوروپادا جێگەیەکی شیاویان هەیە و بەهۆی هەندێ ئاڵوگۆری بنەرەتییەوە، ئابووریی تورکیا، دوای رووسیاو بەریتانیا، دەبێتە سێیەمین ئابووریی هەرەگەورەی ئەوروپا لە 2050دا[101].

حکوومەتی تورکیا بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە کە یەکێتیی ئەوروپی حیسابێکی بۆ نەشونمای پتەو و بەهێزی سیاسی و ئابووریی تورکیا لە 2002-ەوە تا ئێستا نەکردووە، لەکاتێکدا هەندێ وڵاتی تر وەکو پۆلۆنیا، هەنگاریا، لیتوانیا، رۆمانیاو بولگاریا رێگەیان پێ دراوە بچنە ناو یەکێتیی ئەوروپی کە لە بنەڕەتدا دەوڵەت ئابووریی ئەوانی هەڵسوڕاندووە و تا ئەمدواییەش ئاماژەو هێمای نێگەتیڤی ئابوورییان لەسەر هەبووە[102]. لەراستیدا، شرۆڤەکاران پێیانوایە ستانداردەکانی تێکڕای داهاتی تاکەکەسیی تورکیا، تەنانەت بەبێ سوودمەندبوون لە ئەندامەتیی یەکێتییی ئەوروپیشدا، لە ماوەی 15 ساڵی ئایندەدا، دەگەنە ئاستی زۆرینەی ئەو دەوڵەتە نوێیانەی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپی.

لە ساڵی 2005دا، تورکیا پرۆژەکاری دەکا لەسەر ئەوەی کە ئابوورییەکی 6 تریلیۆن دۆلاری هەبێ و ئاستی تێکرای داهاتی تاکەکەسیش 75٪ی تێکرای داهاتی پلان بۆدانراوی یەکێتیی ئەوروپی بێ[103]. بەو نەشونما ئابوورییەی ئێستای کە تورکیا هەیەتی لەسەر رێچکەی گەیشتن بە هاوشانی رێژەیی لەگەڵ باقی وڵاتانی ئەوروپا، سەرکردەکانی تورکیا شکوگومانیان لەوە هەیە کە گوایا ئەوە هۆکارگەلی سیاسی و ئابووریی، بوونەتە مایەی نەچوونە ناو یەکێتیی



ئەوروپی، لێ ئەوان تەنیا و تەنیا ئەو بیانووە بە چڕە دوکەڵێکی کە بەری نیگەرانیی راستەقینەی گرتبێ، دەزانن: ئەویش ئایا رێگەی نەتەوەیەکی موسڵمانی 72 ملیۆن زێتر دەدرێ بچێتە ناو یەکێتییەکی سیاسیی کە بەشێویەکی نەریتیی بنەمایەکی مەسیحیی هەیە.

رەوش و نموونەی رۆمانیا و بولگاریا بۆ هەندێ لە تورکان مایەی نیگەرانی و دڵتەنگی و بێزارییە، چونکە کاربەدەستانی هەردوو وڵاتی گۆرین لەبەر گەندەڵکاری و خراپ دەعەملهێنانی پارەو پول لەوەتەی هاتوونەتە ناو یەکێتیی ئەوروپییەوە لە کانوونی دووەمی 2007دا، لە ژێر چاوەدێری و پشکنینی کۆمیسیۆنی ئەوروپی دان. لەراستیدا، بەمدواییە کۆمیسیۆنی ناوبراو کۆمەك و باروبووی یەکێتیی ئەوروپی کە بەسەدان ملیۆن یۆرۆ دەبوو، لە بولگاریا بڕی، ئەوژی لەبەر نیگەرانیی و سەخڵەتی لە پێوەندیی بە تاوانی رێکخراو و گەندەڵکارییەوە بوو، هەروا دەسەڵاتی لە دوو ئاژانسی بولگاری بۆ خستنەگەڕی پارەوپولی یەکێتیی ئەوروپی سەندەوە[104].

سەبارەت بە کێشەی قوبرس، تورکەکان بەگشتی دەیانەوێ بۆ کۆتاییهێنان بەو رەوشە هەڵپەسێردراوە، ساتوسەودایەك بکەن، لەکاتێکدا یۆنانییە قوبرسییەکان بوونەتە کۆسپ و رێگر. پاش هەڵبژاردنی ئاق پارتی لە 2002دا، نەتەوە یەکگرتووەکان، بەسەرکردایەتی سکرتیری پێشوو کوفی ئەنان، هەوڵی دا ساتوسەودایەك لەنێوان هەردوولادا بکات. "بنەماکانی رێککەوتننامە بۆ چارەسەرکردنێکی هەمەلایەنەی گرفتی قوبرس" کە زۆرجاران بە پلانی ئەنان قامکی بۆ رادەکێشرێ، وای دابووە بەرچاو هاوشێوەی سویسرا، قوبرس ببێ بە دوو ویلایەتی سیاسیی وەکیەك لەژێر سایەی یەك قەوارەی شەرعیدا[105]. هەروا رێگەی بە جێگیرکردنەوەی دانیشتوان و گۆرانکاریی ئەقلیمی دەدا، کە قازانجی یۆنانییە قوبرسییەکانی تێدابوو[106].

کاتێ کە ئەم پلانە خرایە بەر ریفراندەم لە ساڵی 2004دا، دوای وتووێژێکی بەرفرە بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتیی ئەوروپی، ئەمریکا، تورکیا و

یۆنان، 65٪ی قوبرسییە تورکەکان دەنگیان بۆ دا، لەکاتێکدا 76٪ ی یۆنانییە قوبرسییەکان رەتیان کردەوە[107]. ئیدی لەودەمەوە، پێشکەوتنێك نەبووە، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئەو کێشەیە، ئومێدێك پەیدا بکات. دیمتریس کریستۆفیاس-ی سەرکۆماری قوبرس و محەمەد عەلی تەلعەت-ی سەرکردەی TRNC تا رادەیەکی بەرز پرۆسەی وتووێژکردنیان پێ خۆشە[108].

بەگوێرەی فەرمان و راسپاردەی ئەوان، لە ئاداری 2008دا کۆمیتەگەلێکی تەکنیکی و گروپگەلی کار پێکهاتوون بۆ دانانی بناخەو هیمێك بۆ وتووێژی یەکگرتنەوە. لە ئایاردا هەردوو سەرکردەکە یەکدییان دی و بەیاننامەو داخویانییەکی هاوبەشیان دەرکرد و بەشێوەیەکی فرەوان پلانێکیان بۆ یەکگرتنەوەی قوبرس دارِشت. لە 3ی نیسانی 2008دا کردنەوەی بازگەی نوێی سنووری لە ناوەڕاستی پایتەختی دابەشبووی نیقۆسیا، ئومێدیکی زۆری نایەوە بۆ بازرگانی و هاریکاری لەنێوان هەردوو کۆمیونیتەدا[109]. لە کۆتایی تەمووزدا هەردوو سەرکردە لەسەر ئەوە رێککەوتن، بەئامانجی یەکحستنەوەی دورگەکە بەسەرپەرشتی و هەوڵی خێرخوازانەی سکرتێری گشتیی یوئێن، دەست بە وتووێژ بکەنەوە.

گەڕی یەکەمی وتووێژەکە، کە لە 3ی ئەیلوولی 2008دا دەستی پێکرد، بەبەرهەمدار ناوزەدکرا،[110] بەڵام گەڕەکانی بەرودوا کە دواهەمینیان لە ئاخیروئۆخری ئوکتۆبەردا بەسترا[111] لەجێگەی خۆیان چەقیون چونکە بەگوێرەی راپۆرتی هەردوو لایان، هیچکامێکیان ئامادەنییە تەنازل بۆ ئەوی دیکەیان بکات[112]. لە سەرەتای ئوکتۆبەری 2008دا، کۆمەڵەی پەرلەمانیی ئەنجوومەنی ئەورووپی راپۆرتێکی لەبارەی قوبرس دەرکرد کە تیایدا داوا لە دەسەڵاتدارانی یۆنانییە قوبرسییەکان دەکات کە لایحەی بازرگانیی راستەوخۆی کۆمیسیۆنی ئەورووپی جێبەجێ بکەن و رێگەی بازرگانیی راستەوخۆ لەنێوان یەکێتیی ئەورووپی و کۆمیونیتەی تورکە قوبرسییەکان بدەن، لێ تورکیا و تورکە قوبرسییەکان بێ ئومێدی خۆیان لەوە دەربڕی، بەهەرحاڵ، ئەوان پێیانوابوو ئەوە فەشەلێکە بۆ راپۆرتی ناوبراو کە دان بەپێویستیی هاوشانیی سیاسیی لەنێوان هەردوولادا



دەنێ[113]. زۆر کەس لە تورکیا بڕوایان وایە کە رێبازێکی نایەکسان بۆ هاوشانکردنی هەردوو کۆمیونیتە لە قوبرس بەشێوەیەکی نا عادیلانە زیانی بە هەوڵەکانی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپی گەیاندووە.

بەگشتی، بەرەنگاریی تورکیا کە پێوەندیی بە ئەندامەتی لە یەکێتیی ئەورووپی دا هەبێ، بەشێوەیەکی نێگەتیڤ کاری کردۆتەسەر هەڵوێستەکانی تورکیا چ دەرهەق بە چوونەناو یەکێتیی ئەورووپی، چ بەرانبەر بە رۆڵی تورکیا لە ناتۆ. رێژەی سەدی ئەو تورکانەی کە بوون بە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپی بە "شتێکی باش" بزانن، لە 75٪ لە 2004 دا کەمبۆتەوە بۆ 54٪ لە 2006دا[114]. لە راپرسی ساڵی 2008ی GMF (سندوقی مارشالی ئەلمانی) ئەو رێژەیە بووە بە 42٪[115]. وێرای ئەوەش، تەنیا لە سەدا 22ی تورکەکان هەنووکە سەرکردایەتیی یەکێتیی ئەورووپی بە پەسندو دڵخواز دەبینن[116].

هاوشێوەی ئەوە، تورکەکان بڕوایان وایە کە داخوا ناتۆ پێویستە بۆ تەناهیی تورکی کە لە 2004دا، 53٪ بووە، دوو ساڵ پاشتر کەمبۆتەوە بۆ 44٪[117]. تەنیا 38٪ی تورکەکان ئەمڕۆ ناتۆ بە پێویست دەزانن[118]. خویایە، کە خۆگنخاندنی ئەورووپی لەسەر داوای تورکیا بۆ ئەندامەتی یەکێتیی ئەورووپی، تا دێ تورکەکان تووشی نائومێدی زیاتر و زیاتر دەکات.

## لوغزی راستییەکانی تەڤلیبوونی تورکیا

رەتکردنەوەی تورکیا وەکو ئەندامێکی یەکێتیی ئەورووپی، ئەنجامگەلێکی نێگەتیڤی بەردەوامی هەم بۆ ئەمریکا و هەم بۆ ئەورووپا دەبێ. تورکیا، وەکو زۆربەی جیهانی موسڵمانەتی، بەشکو گومانە لەوەی کە ئەورووپا حەزبکات وڵاتێکی ئیسلامیی گەورەی وەکو تورکیا بگرێتەخۆی، تورکیا گومانێکی لەوە هەیە کە ئەورووپا حەز دەکات تەنیا هەر وەکو یانەیەکی "خاس کریسیانی" وەمێنێ[119]. لەکاتێکدا ئەورووپا بەئاشکرا هیچ ترس و بیمێکی لە ئیسلام لە خۆی نیشان نادا وەکو هۆیەك بۆ رەتکردنەوەی ئەندامەتی تورکیا، ئەگەر هۆی

لەمبابەتە بۆ دواخستن یان دژایەتیکردن لەلایەن هەندێ ئەندامی یەکێتیی ئەوروپییەوە دەربکەوێ، ئەو سەرنجە دێتەئارا کە ئەوانە دەسبڕو خاپێنەرن و ئەوروپا لە واقیعدا دژمنایەتی ئیسلام دەکات[120].

سەرنجێکی وا، تورکیا بەرەو رۆژهەلات رادەدات و هەست و نەستی ناسیۆنالیستی زیانبەخش بە بەرژەوەندەکانی ئەمریکا بەگوڕوتین دەکات. نەمازە، تورکیا ببتە ئەندامێکی کەم چالاکی ناتۆ، یان بەشداریکردنەکانی بێ بەهاو بێ نرخ بن. سەرباری ئەوەش، هەولوتەقەلای ریفۆرم لە تورکیا لە چەند سالی رابردوودا بەرادەیەکی زۆر لەسۆنگەی پەرۆشبوون بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپی بوونە.

لەکاتێکدا لەوەتەی وتووێژی تەڤلیبوون بۆ یەکەمجار لە ئۆکتۆبەری 2005 دا دەستی پێکراوە، هەولوتەقەلای ریفۆرم تا رادەیەك تەگەرەیان تێکەوتووە، ئەگەری ئەندامەتی یەکێتیی ئەوروپی-یش ئەوەی سەلماند کە دەکرێ ئەو بەئەندامبوونە ببێ بە گێزەرێکی کاریگەر بۆ هاندانی تورکیا بۆ لیبرالیزەکردنی سیستەمە ئابووری و سیاسییەکەی. کاتێ کە تورکیا هاتەناو یەکێتیی گومرگیی ئەوروپیشەوە، دەیەیەك پێش ئەوەی وتووێژەکانی هاتنەناوەوە دەرگایان لەبەردەمدا بکرێتەوە، تورکیا سیستەمە تاریفەکەی خۆی لەگەل ئەوروپا هارمۆنیزەکرد و ئەو کۆسپانەی کە لەبەردەم بازرگانیی لەبواری کەلوپەل و کالای پیشەسازیدا هەبوون، هەلگرت[121].

لە 2002-ەوە تا 2005، حکوومەت سزای مردن (لەسێدارەدانی)ی هەلگرت، پرۆتۆکۆلی 6 و 13ی رێککەوتننامەی ئەورپی لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ ECHR ی پەسندکردو، هەنگاوی بۆ رێگەگرتن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتی پۆلیس و سوپا هەلێنایەوە. ریفۆرمگەلێکی ئابووریی هەراو، رێگەیان لە هەندێ (هەلئاوسانی) کەرتی- گشتی و سیستەمی خانەنشینیی حکوومەتی، کەمکردنەوەی هەلئاوسان بۆ کەمترین رادە لەهەموو کاتێکدا گرت[122]. ئەوە سەرباری نەرمی



کێشان لە بواری میدیا و خوێندن و فێربوون بە زمانی کوردی (وێرای ئەوەی دوایی تەنیا لە قوتابخانەی تایبەتیدا هەیە)[123].

دوور نییە بەبێ ئەگەری کۆتایی چوونەناو یەکێتیی ئەوروپی، خۆتاودانی تورکیا بەرەو پەرەپێدانی دامودەزگای دیموکراتیی بەهێزتر، سەروەرییەکی بەهێزو پتەوی قانوون، ئابوورییەکی دینامیکی پتر، لە پەلوپۆ بکەون و تورکیا ببێتە شەریکێکی کەم کاریگەرتری ئەمریکاو ئەوروپا[124].

هەلوێستەکانی ئەوروپا دەرهەق بە تەڤلیبوونی تورکیا بۆ ناو یەکێتیی ئەوروپی، زۆرجاران بەشێوەیەکی نێگەتیڤ، لە سۆنگەی بوونی ژمارەیەکی زۆری کۆچبەری تورك لەناو یەکێتیی ئەوروپی، کە نیگەرانییان لەنێوان زۆرێك لە هاوولاتیانی ئەوروپی سەبارەت بەوەی کە چۆن بەشێوەیەکی کارا تێکەل بە کۆمەلگاکانی خۆیانیان بکەن، دروستکردووە. ئێستاکە نزیکەی 4 ملیۆن تورك لەناو ولاتانی یەکێتیی ئەورپیدا هەن و 1.3 ملیۆنیان لێ بوونەتە هاوولاتیی ئەوروپی[125]. گەورەترین ژمارەی تورکان لە ئەلمانیایە (2.6 ملیۆن)، کە لە شەستەکان و حەفتاکاندا، بەسەدان هەزار کرێکاری تورکی وەکو میوان وەرگرت و جێکردەوە، پاشان فەرەنسا، هۆلەندا، نەمسا، بەلجیکا، بەریتانیا و ولاتانی سکەندەناڤیا دێن[126].

ئەو تورکانەی لە ئەوروپا دەژین بەزۆری گیروگرفتێکی زۆروزەبەندیان لەناو زۆر ولاتی ئەوروپی هەیە لە بوارەکانی پیشەیی، پەروەردەیی، کۆمەلایەتی، کە تەنیا بەمدواییە سەرنجێکی زۆر و پارەو پولێك بۆ تەختکردنی گرفتەکانی تەکاملبوون و تێکەلبوونیان بە ولاتانی یەکێتیی ئەوروپی تەرخانکراوە. بەپێی راپرسییەك، ئەوروپییەکی زۆر (31٪)، وەکو "شتێکی خراپ" سەیری ئەندامەتی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپی دەکەن و تەنیا (22٪) یان بە "شتێکی باش"ی دەبینن[127]. فەرەنسا و ئەلمانیا رێژەیەکی سەدی بالاتری وەلامدەرەوەکان بوون، بە رێژەی (49٪ و 43٪ بەرودوا) سەیری ئەگەری بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپی وەکو شتێکی خراپ دەکەن[128].

ئەنجامە خەمناکەکانی ئەم راپرسییە، ئەو ستاتستیکانە بەدرۆدەخەنەوە کە دەڵێ بەرهەمداریی کاری کۆمیونیتەی تورکی بەشێوەیەکی پربایەخ بەشدارییان لە ئابووریی یەکێتیی ئەوروپی کردووە[129]. زیاتر لە یەك ملیۆن تورك، دووهەندە زیاتر لە لۆکسمبۆرگ بە پارە بەشدارییان لە بەرهەمی گشتیی نیشتمانیی یەکێتیی ئەوروپی کردووە زیاتر لە نیوەی ئەوەی کە یۆنان کردوویەتی[130]. چینی کۆنتراکتەری تورکی لە یەکێتیی ئەوروپی نەشونما دەکات، ئەو بڕە پارەیەی کە بەشێوەی کاش دەگەڕێنرێتەوە بۆ تورکیا لەلایەن تورکەکانەوە لەم ساڵانەی دواییدا کەمیکردووە[131]. ئەمەیان نەمازە راستە لەنێو نەوەی تازەی تورکان لە یەکێتیی ئەوروپی کە رایەڵکەیەکی کزو لاوازتریان بە نیشتمان و زێدی خۆیانەوە هەیە[132]. بەکورتی، پرۆسەی بزوتنی تورکیا بەرەو نزیکبوونەوە لە ئەوروپا هەم بە قازانجی پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی تورکیا و هەم بەقازانجی ئابووریی یەکێتیی ئەوروپییە.

## پشتەوانیکردن لە تێکەڵی و تەکامولی تورکیا و رۆژئاوا

ئەمریکا هەمیشە لە چەند ساڵی رابردوودا، بۆ چوونەناو یەکێتیی ئەوروپی، پشتەوانی هەرێ و بڕیارەکانی تورکیا بووە. پێویستە ئیدارەی ئۆباما ئەو رێبازە تەواو بکاو یاریدەی "خۆ-شرینکردن"ی تورکیا لەبەر دڵی یەکێتیی ئەوروپی بدات. تورکیا لەوانەیە سازو ئامادە نەبێ کە راستەوخۆو یەکجێ ببێتە ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپی، لێ بۆ بەرژەوەندەکانی رۆژئاوا باشە کە تورکیا لەسەر رێچکەو پێڤاژۆی ئەندامەتی لە دەیەی داهاتوودا بەردەوام بێت. هەرچییەك لەنێوان ئەوروپا و تورکیا رووبدات و بێتە گۆڕێ، دەبێت ئیدارەی ئۆباما دیسانەکینێ بێوچان، کار بۆ بنیاتنانی رایەڵکەی توندوتۆڵترو نزیکتری ئەمریکی- تورکی بکات.

لەدەسپێکدا، سەرۆك ئۆباما پاش ئەوەی دەست بەکار دەبێ، پێویستە تورکیا بکاتە یەکێ لە وێستگەکانی سەردانی خۆی بۆ ئەوروپا، تا روبەروو دیمانە لەگەڵ



سەرۆکوەزیرانی تورکیا و سەرۆککۆماری تورکیادا بکات. دیارە بەهۆی شەری عێراقەوە، هەست و نەستێکی زیانبەخش لەنێوان ئەمریکا و تورکیادا هاتۆتەکایەوە، بەڵام لە ساڵی رابردووەوە هێواش- هێواش ئەو پێوەندییانە چاکتربوونێکی جێگیریان بەخۆوە دیوە، ئیدی گەشتێکی زووی سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ تورکیا دەکارێ رێگەیەکی کاریگەر بێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە تورکیا شەریکێکی زیندوو ستراتیجیی ئەمریکایە.

هەروا دیسان کارێکی حەکیمانە دەبێت کە گەشتەکەی سەرۆك بۆ تورکیا لە چوارچێوەی پێڤاژۆی گەشتێکی ئەوروپیدا بێت نەك لە چوارچێوەی گەشتێکی تری ئەو بۆ رۆژهەڵاتی ناویندا. لەکاتێکدا کارێکی ماقوڵ دەبێت کە جەخت لە سەر رۆڵی پڕ گرنگی تورکیا وەکو پردێك بۆ رۆژهەڵات بکرێتەوە، لێ زۆرێك لە تورکەکان، نەمازە عەلمانییە کەمالیستەکان، مووی سەریان گرژ دەبێت کاتێ وەکو هاوپەیمانێکی رۆژهەڵاتی ناوین چاویان لێ بکرێ نەك وەکو هاوپەیمانێکی ئەوروپی. سەردانی تورکیا لە چوارچێوەو پێڤاژۆی ئەوروپی دیسان ئەوە دەردەبڕێ کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپی و رایەڵکەی بەهێزتری ئەو وڵاتەی لەگەڵ رۆژئاوا، پێ ئامانجێکی ستراتیجیی گرنگە.

هەقە ئیدارەی ئۆباما دیسان بێ وچان کاری زیاتر بۆ قەناعەتپێکردنی هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی خۆی بکات کە کردنەوەی رێچکە بۆ تەڤلیبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپی، ئەولەویەتی خۆی هەیە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و پێویستە ببێ بە ئەولەویەتی ئەوروپاش. راستە ئەوە مافی وڵاتانی ئەوروپییە کە بڕیار بدەن، داخوا تورکیا لەو یەکێتییە بە ئەندام وەربگیرێ یان نا، لێ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێ چ بە کۆمەڵ و چ بە تاك کاری زۆرتر بکات بۆ هاندانی هاوپەیمانە بەگومانە ئەوروپییەکانی- نەمازە فەرەنسا- کە پرۆسەی بەئەندامبوونی تورکیا بەرەوپێشچوون بەخۆوە ببینێ و واز لە قسەو گوتاری حەماسەتئامێزی بریقەدار بهێنن، چونکە ئەودەمە سەرنجێکی وا دروست دەبێ کە تورکیا لە رووی کولتووری و ئایینییەوە فیت لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپی نایەتەوە.

دیسان ئەڵمانیا دەتوانێ ڕۆڵێکی تایبەتی بگێڕێ، لەبەر پێوەندیی لەمێژینەو چەند ساڵەی ئابووری و سیاسی و کولتووری خۆی لەگەڵ تورکیا، هەروا بەهۆی ئەو کۆمیونیتە گەورەیەی تورکان لەناو سنوورەکانی ئەڵمانیادا[133]. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبێت دنەی سەرکردە سیاسییەکانی ئەڵمانیا بدا کە پێکەوە لەگەڵ ئەمریکا، لایەنگیریی ئەندامەتی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپی بکەن و، هەوڵوکۆششە دیپلۆماسییە گشتییە بێ وچانەکانی خۆیان چڕ بکەنەوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەندامەتی تورکیا هەم بۆ ئەورووپا و هەم بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندە گرنگە.

